گوڵان

www.gulan-media.com

هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە




## کەموکورتییەکانی حکوومەتی مالیکی زەقن و هیچ پاساوێک بۆ درێژەپێدانی قبوڵ ناکرێ









## لە نێوان دڵ و گیرفانی پیاودا کامیان هەڵدەبژێرێ؟



## ماری (ئەناکوندا) پەلاماری منداڵێکی (٧) ساڵان دەدات لە ناوچەی ئەمازۆن



## یەکبوون جڤاک:
## حــــەزم دەکـــــرد لەسەر تەختی شانۆ بمرم


■ خاوەن ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

Concessioner

Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر

**فوئاد سـدیق**

Editor-in-Chief

Fuad Sideeq

fuadsdeeq@yahoo.com

تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥

مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر

**فەرهاد محەمەد**

Deputy Editor-in-Chief

Farhad M.hussn

frhd_mhmd@yahoo.com

Farhadmohmad@gulan_media.com

تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین

**شوان تاڤینگ**

Managing Editors

Shuwan A. Mihemmad

taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری

Art Manager

**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین

**لوقمان رەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان

**ساڵح عومەر قادر**

Relation`s Manager

Mobil 0750 456 7070

salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان

شەماڵ نووری: ئابووری

مەهدی حاجی ساڵح: رەنگاورەنگ

سەنگەر شنۆیی: IT

خەلیل بلەیی: هونەری

ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری

تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە (٦٦٥) ٢٠٠٧/١٢/٣١

# موجامەلە



سالار عوسمان

برادەرێکم هەیە دەڵێ (کوردستان بە موجامەلە بەڕێوەدەچێت) لەوانەیە من ڕێك لەگەڵ ئەم قسەیەدا کۆك نەبم، بەواتایەکی تر بەم ڕەهاییە نا، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەکرێ بڵێین قسەی ئەو برادەرە ڕاستیەکی تێدایە، هەمیشەش وابووە لە کۆمەڵگەی ناپێشکەوتوو کە کلتووری کۆن و باو و داخراو و زاڵە بەسەریدا موجامەلە پانتاییەکی زۆر لە هزر و تێگەیشتن و ئەقڵیەت و کاری ڕۆژانە داگیردەکات، ئێستا لە کوردستاندا موجامەلە کۆی بوارەکانی گرتۆتەوە، هەر لە بواری سیاسییەوە تا دەگاتە بواری پەیوەندییەکانی تاك لەگەڵ بەرامبەر!!.. پرسیار ئەمەیە:.

- موجامەلە چییە و پێناسەکانی چین؟
- موجامەلە بۆ لە پێناو چی؟!
- کۆمەڵگە لە چیدا پێویستی بە موجامەلە هەیە؟
- موجامەلە لە چیدا سەرچاوە دەگرێ؟
- زۆریی موجامەلە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟
- لە کوێدا موجامەلە دەبێتە پێویستیی و کامانەن ئەو کارانەی پڕاوپڕ دەبن لە موجامەلە؟!
- ئەوکارانە چین کە تەنێ بە موجامەلە بەڕێوە دەچن و ئەگەر ماشێنی موجامەلە نەبێ ناچن بەڕێوە؟
- چی بکەین بۆ ئەوەی کارەکان بەشێوەیەك ڕێکبخەین جێ بۆ موجامەلە نەهێڵینەوە؟
- ڕێگاکانی کەمکردنەوەی موجامەلە چین و قازانجەکانی ئەم کەمکردنەوەیە لە چیدایە؟!.

هەموو ئەم پرسیارانە و پرسیاری دیکەش لە نێو ئەم باسەدا خۆی دەنوێنن و دواتر داوای بەرسڤی دەکەن، لێ لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بگەینە ئەو قەناعەتەی کە موجامەلە وەك مام هەژار موکریانی دەیگوت (جۆرێکە لە فیتنە)!.. لە پەنای موجامەلەدا غەدر دەکرێ، زوڵم دەکرێ، تاوان پەردە پۆش دەکرێ؟، ڕەش سپی دەکرێ و باش دەکرێتە ماش!! موجامەلە چەندین کۆڵکە فەرمانبەری کردۆتە بەرپرس و چەندین بەرپرسی کردۆتە گەندەڵ و چەندین گەندەڵیشی گەیاندۆتە پلەی بەرزتر!!.

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا موجامە لە هەموو ئاستەکانی گرتۆتەوە، بە بڕوای من کاتی ئەوە هاتووە کارێکی جدی لەمبارەیەوە بکەین، مەبەستم هەڵوەستەکردن لەسەر چەمکی موجامە لەو شرۆڤەکردنی زۆریی موجامەلە لە کوردستان و دۆزینەوەی ڕێگاکانی کەمکردنەوە و بنبڕکردنی، واتە دەبێ کار لەسەر کلتوورێکی تر بکەین کە ئەویش کلتووریی ڕاستی و ڕاشکاویی و شەفافیەت و خاڵ لەسەر پیت دانانە!!.. دەبێ هەموومان (تاك+ کۆمەڵگە+ دامەزراوەکان+ حکومەت) لەم هەڵوەستەکردنەدا بەرپرس بین و ئەو قەناعەتە قووڵ بکەینەوە کە موجامەلە جۆرێکە لە ناهەقی!..

ناهەقیەکان زۆرن هەر بۆیەش ئەگەر دەم وزار و دڵی خەڵك بکەینەوە بە ڕوونی باس لەو ناهەقیانە دەکات و لەنێو باسەکانیشدا ئاماژە بۆ موجامەلە دەکرێت وەك نەخۆشیەکی بەردەوام کە جەستە و گیانی بزووتنەوەی سیاسی و کارگێڕیی و کلتووریی و ئابووری وڵاتی ئێمەی گرتۆتەوە!.. بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە، بۆ ڕاگرتنی ئەم ناهەقییە، بۆ کوژاندنەوەی ئەم فیتنەیەی وا باشە کار بکەین، کارێکی جدی وەلێ لەنێو ئەم کارکردنەشدا وا پێویستە موجامەلەی بنبڕکردنی موجامەلە نەکەین!!.

# بارزانی بەرامبەر دۆستی دۆستە و بەرامبەر دوژمنی دوژمنە و خۆ بەزلزانیش نییە



فەیسەڵ دەباغ

ئەم ناونیشانە لە نووسینێکی رۆژنامەنووسی تورك محەمەد مەتینـــەر وەرگیـــراوە کە بەر لــەدوو هەفتە بە گەشـــتێکی رۆژنامەنووسی گەیشتە هەرێمی کوردستان.

رۆژی٢٧ی کانوونـــی یەکەمـــی رابـــردوو لەســـەری بڵند دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ ســـەرۆك بارزانی ئەنجام دا و لە رۆژنامەی(بوگوون_Bugun)ی تورکی بڵاویکردەوە.

هـــەر لەگەڵ بڵاوبوونـــەوەی دیمانەکە، مەحمـــەد مەتینەر دیتنەکانی خۆی لەو گەشـــتەیدا، کە شـــاری کەرکووکیشی گرتەوە، بە زنجیرە وتارێك رۆژانی(٧,٥,٢,١) ی ئەو مانگە لە هەمان رۆژنامە بڵاوکردەوە.

رۆژی ١ی کانوونـــی دووەم و پـــاش بڵاوبوونەوەی بەشـــی یەکەمـــی ئـــەو دیتنانە و بەهۆی داواکارییەکی زۆر لەســـەر رۆژنامەکـــە، ئەو ژمارەیەی نەگەیشـــتە دەســـت هەموو ئەو کەســـانەی کە تامەزرۆی خوێندنـــەوەی بوون، کە ئەویش وای لەسەرنووسەری رۆژنامەکە کرد ژمارەی رۆژنامەکە بۆ رۆژانی داهاتـــوو زیاد بکات، لەو دیتنانەیـــدا، مەتینەر زۆر بە وردی و راســـتگۆییەوە زانیارییەکانی خۆی کە لەو گەشتەیدا کۆی کردبوونەوە بۆ رای گشـــتی تورکیای گواستەوە و ئەو کەس و لایەنانەشی بە درۆ خستەوە کە زانیاری هەڵەیان دژ بە هەرێمی کوردستان بڵاو کردبۆوە.

لــە بەشـــی یەکەمـــی دیتنەکانیـــدا، مەتینـــەر دەربارەی پەیوەندییەکانـــی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســـتان دەدوێ و ئامـــاژەش بەو هەڵانە دەکات کە تورکیا تا ئێســـتا دەرهەق بە گەلی کورد بە گشـــتی و کوردی عێراق بەتایبەتی کردوویەتی دەڵـــێ: تورکیا لە ســـاڵانی رابردوودا هەڵـــەی زۆر گەورەی بەرامبـــەر بە کورد ئەنجام داوە و بەو هەڵانەشـــی ئەو گەلەی لەخۆ کردووە و هەڵەکانیشـــی نەك هـــەر لە ناو خاکی تورکیا ئەنجام دراون بەڵکو لە هەرێمی کوردستانیش.

بێ ئەوەی هەرێمی کوردســـتان ببینـــن، هەندێکیان داوای داخســـتنی گومرگی ئیبراهیم خەلیلیان دەکرد و هەندێکیشیان نا راستەوخۆ بارزانی و تاڵەبانییان بە دوژمنی تورکیا ناو دەبرد، ئەوانـــە بەو کارە چەوتەیان هەرێمـــی کوردانیان لە ئێمە دوور خستەوە کە ئەویش لە قازانجی پەکەکە و زیانی تورکیا بوو.

ئێســـتاش کوردی عێراق سەریان لەوە ســـوڕماوە کە بۆچی تورکیا وەکو دوژمن سەیریان دەکات؟

بارزانی و تاڵەبانی پێکەوە لەگەڵ تورکیا شەڕی پەکەکەیان کرد و تورکیاش لە رۆژانی ســـەخت و دژواردا لەگەڵ کوردی عێـــراق بووە و کوردی عێراقیش یارمەتیدەری تورکیا بووە، ئەو کوردانەی تورکیایان بە دۆســـت و برا دادەنا، هیچ گرفتێکیان لەگـــەڵ تورکیا و گەلی تورکیا نەبـــووە، تا رووخانی رژێمی ســـەددام پەیوەندییەکی دۆســـتانەی بەهێزیـــان لەگەڵ تورکیا هەبووە ، بەڵام پاش رووخانی ئەو رژێمە و داننان بە دەســـەڵات و مافـــی کورد لـــە عێراقدا، تورکیا ئەو بـــارە تازەیەی دژ بە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە قەڵەم دا و یەکســـەر پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردی عێراق بە ئاراستەیەکی دیکە برد.

من نازانم چۆن دۆستێکی نزیکی دوێنێ وا یەکسەر دەکرێ بە دوژمن؟

مـــن لەو باوەڕەدام کە ئەگەر هاتوو دیمانەکەی خۆم لەگەڵ بارزانـــی بڵاوبکەمەوە، ئەو کەس و لایەنانە لێم نیگەران دەبێ و لەوانەشـــە تۆمەتی خیانەتی نیشتمانیم وەپاڵ بنێن، بەڵام من ئەو دیمانەیە هەر بڵاو دەکەمەوە، بەو ئومێدەی کە رۆژێك دێت و لێم تێ دەگەن.

لە بەشـــی دووەمی دیتنەکانیشیدا، مەتینەر هەر لەسەر ئەو بابەتە دەڕوا و دەڵێ:

ئەو کەس و لایەنانەی کـــە بوونەتە هۆی دوور کەوتنەوەی کوردی خۆمان لە تورکیا، ئێســـتا لـــە هەوڵی ئەوەدان کوردی عێراقیشمان لێ دووربخەنەوە.

کودری عێراق بەشێکن لە مێژوو و جوگرافیای ئێمە، کاتێ چاوپێکەوتنـــم لەگەڵ عەدنان موفتی ســـەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردســـتان کرد، نەخشـــەیەکی عوسمانی لە دیواریماڵەکەیدا هەڵواسرابوو وەك ئاماژەیەك کە ئێمە و ئەوان لە رووی مێژوو و ئایینەوە یەکین، موفتی گوتی:

راستە نەژادمان جیاوازە بەڵام ئێمە یەکین.

لە شـــاری هەولێر بێجگە لە تورکیا، فەرەنســـا و روســـیا و ئێران کونســـوڵگەری خۆیان کردۆتەوە ، من لەوە تێناگەم دنیا هـــەر هەمووی بە فەرمـــی دان بە حکوومەتی کوردســـتانی دەنـــێ ، کەچی تورکیا دانی پیا نانێ، لە کاتێکدا بازرگانی و وەبەرهێنانمـــان بە رێژەیەکی زۆر لەو هەرێمەدایە و حکوومەتی ئەو هەرێمەش شەرعیەتی خۆی بەپێی دەستوور لە حکوومەتی ناوەندی وەرگرتووە.

لێرەدا ســـەرنج بدەنە گوتەکانی عەدنان موفتی ســـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە دەڵێ:

ئەو کاتـــەی قەوارەی ئێمە لە رووی یاســـاییەوە دیار نەبوو تورکیـــا هاوکاری دەکردین، بەڵام کە ئەو قەوارەیە دوای ئەوەی دەســـتووری عێراق پێناسێکی یاســـایی پێ دا و دانی پێ نا تورکیا پشـــتی لێ کردین، تورکیا لە توانایدا بوو لە رێی ئێمەوە رۆڵێکی بەرچاو لە عێراقدا بگێرێت، ئێســـتاش ئەو چانسەی لە بەردەمدا ماوە.

لە بەشـــی سێیەمی دیتنەکانیشـــیدا، محەمەد مەتینەر راو

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ســـەرنجەکانی خۆی ســـەبارەت بە دیمانەکەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی و کەسایەتییەکەی دەخاتە روو و دەڵێ:

کاتێ دیمانەم لەگەڵ مەســـعود بارزانـــی دا کرد، لەلایەك ســـەیرم دەکرد و لە لایەکی دیکە ئەو قسانەم وەبیر هاتەوە کە دەربارەی ئەو زاتە لەلای ئێمە دەکرا.

بارزانـــی وەکو سیاســـەتکارانی دیکە نییە، خۆیشـــی وەك سیاسەتکار نابینێت، ئەو سەرۆکایەتی میللەتێك دەکات و ئامادە نییە لەســـەر پرنسیپەکان سازش لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێکدا بکات و هەروا بەرامبەر بە هەڕەشـــەکانیش هیچ کاتێك ئامادە نییە سەر دابنوێنێت.

هەموو لایەك وا دەزانن بارزانی گوێبیســـتی سیاسەتەکانی ئەمەریکایـــە، بەڵام لە راســـتیدا ئەو گوتنە راســـت نییە، من نموونەی برێمەر و رایســـتان بۆ دەهێنمەوە، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ برێمەر پێی گوتبوو: نەتۆ بگرە سەرۆکەکەشت ناتوانێت بە پەنجە لەگەڵماندا قســـە بکات ، هەروا بارزانی لەکاتی دوا ســـەردانەکەی رایس بۆ عێراق وەکو دژ کردەوەیەك ئامادە نەبوو لەگەڵیدا دابنیشێ.

راستە بارزانی بەهۆی ئۆپەراســـیۆنەکەی قەندیل بەرامبەر تورکیـــا دڵگرانە، بەڵام هیچ کاتێك خۆی بە دوژمنی تورکیا و نەتەوەی تورك نازانێ، دژایەتیشـــی بەرامبەر ئەو ئۆپەراسیۆنە بە واتای پشتگیریکردن لە پەکەکە نایەت، چونکە هەموو لایەك ئـــەوە باش دەزانێت کە بارزانی هەمیشـــە دژی ئایدیۆلۆژیا و سەرکردە شەڕ خوازەکانی پەکەکە بووە.

کەواتـــە ئەو پشـــتگیری لە کـــورد دەکات و وەکـــو رابەر و سەرۆکیش دڵگرانە بەو زەرەر و زیانە گیانی و ماددییەی کە بە هۆی بۆردوومانەکانی ئێمە بە میللەتەکەی کەوتووە.

بارزانی لەو باوەڕەدایە کە بۆ چارەســـەری کێشـــەی پەکەکە نابێت تەنیا لەگـــەڵ حکوومەتی ناوەندی وتووێژ بکرێت و ئەو رەفتارەی تورکیاشی بە داننەنان بە حکوومەتی هەرێم و وتووێژ نەکردن لەگەڵیدا ئەو کێشەیە چارەسەر ناکات.

بارزانی پیاوێکی راست و دروستە و قسە وکرداریش وەك یەکن و ئەوانەی لە نزیکەوە دەیناسن دەڵێن: بارزانی بەرامبەر دۆستی دۆست و بەرامبەر بە دوژمنی دوژمن و خۆبەزلزانیش نییە.

لەبەشی چوارەمی دیتنەکانیشدا، مەتینەر باسی سەردانەکەی خۆی بۆشـــاری کەرکووك دەکات و دەڵێ: ئەنجوومەنی شاری کەرکووك لە ٤١ئەندام پێکهاتووە،٢٦یان سەر بە لیستی برایەتین و ٩یان ســـەر بەلیســـتی تورکمانەکانی دیکەن و ٦یان سەر بە گرووپە عەرەبەکانن.

ئەو کەســـانەی لە تورکیا ەربـــارەی کەرکووك و تورکمانەکان قســـە دەکەن وابزانم بە هەڵە تێگەیەنـــدراون. ئەوانەی کە دەڵێن لە کەرکووك کورد تورکمان لە ناو دەبات دەیانەوێ بەو قســـانە دوژمنایەتـــی نێوان کـــورد وتورك پەیدا بکـــەن، من ناڵێم لە کەرکووك هیچ کێشـــەیەك نییە، بەڵام هیچ شـــەڕێك لە نێوان کورد و تورکمان بەو جۆرەی کە لە تورکیادا باســـی لێوە دەکرێ رووی نەداوە.

ئایا لە هەرێمی کوردستان کێشەی تورکمان هەیە؟

من زانیاریتان دەدەمێ و ئیتر خۆتان سەرپشك بن، ناسنامەی تورکمانەکان لەو هەرێمەدا ئینکار ناکرێ، بارزانی زۆر هەوڵی دا مافی تورکمانەکان لە دەســـتووری عێراقدا بگوترێ و دانی پیادا بنرێ، زۆر لەســـەر ئەو خاڵە ســـووربوو و لەو کارەشیدا سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

مافی کورد و تورکمان وەك یەکە، حزبی سیاسی و رێکخراوی مەدەنـــی و تەلەفزیۆن و قوتابخانەی تایبـــەت بە تورکمانەکان هەیە، بەگوێرەی ژمارەشیان نوێنەر و وەزیریان هەیە، لەسەرۆکی پەرلەمانی کوردســـتانم پرســـی: دەنگۆی ئـــەوە هەیە کە ئێوە و ســـەربازی ئەمەریکـــی کاتێ پێکەوە چوونـــە ناو کەرکووك فەرمانگەی تاپـــۆ و رەگەزنامەتان تێکـــدا و کوردتان هێنایە ئەوشارە؟

موفتی گوتی: ئەو دەنگۆیانە راســـت نین، بەر لەوەی ئێمە بچینە ناو کەرکووك سوپای سەدام هەموو ئەو بەڵگانەی لەگەڵ خـــۆی بردبوون، ســـەددام نەیتوانی بەتـــەواوی دیمۆگرافیای کەرکووك بگۆڕێ ئیتر ئێمە چۆن دەتوانین،خۆ نوســـخەی ئەو بەڵگانەی کە باسیان لێوە دەکەیت لەبەغدا هەن.

موفتی ئەوەشی گوت: کاتێك سەیری ئەو نەخشە عوسمانییە دەکەین دەبینین کەرکووك سەر بەکوردستانە.

ســـەبارەت بە وشەی کوردستانیش، مەتینەر دەڵێ: با بەهەڵە لە وشـــەی کوردســـتان تێنەگەین، لە دەستووری عێراقدا ناوی ناوچەکە هەرێمی کوردســـتانە و ناوی پەرلەمانیش پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە، کەواتە ئەو چ مانایەکمان پێ دەبەخشێ؟

لەنێوان وشـــەی کورد و کوردستان جیاوازییەك هەیە، وشەی کوردســـتان هەموو ئەو خاکە دەگرێتـــەوە کە کورد و تورکمان و پێکهاتەی دیکە لێ نیشـــتەجێیە، هەموو لایەکیش بەگوێرەی ژمارەیان نوێنەریان هەیە و دەسەڵاتیان پێ دراوە.

لە بەشی پێنجەمیشدا، مەتینەر دیدارێکی لەگەڵ پارێزگاری هەولێـــر ئەنجام داوە و دەڵێ: پارێزگاری هەولێر پێی راگەیاندم کە ئێمە پـــردی نێوان تورکیا و عێراقیـــن، ئومێدەوارین تورکیا نیازمەنـــدی وڵاتێکی دیکەمان نـــەکات، ئەگەر هاتوو تورکیا دەســـتی برایەتی بۆ ئێمە درێژ نەکرد، ئەوکات ناچارین لەگەڵ وڵاتانـــی دیکە خۆمان بگونجێنین، ئێمە هەموو هاوکارییەك بۆ ئەو کەســـانە دەکەین کە لە تورکیاوە دێنە ئێرە، هەروا یارمەتی قوتابخانە تورکییەکانیش دەدەین کە لە هەرێمدان.

مەتینەر دەڵێ: یەکێك لە قوتابخانەکانی کەرکووکم بەسەرکردەوە، لەوێ منداڵی هەموو نەتەوەکان بەیەکەوە وانە دەخوێنن، قوتابی کورد و تورکمان برایانە لەگەڵ یەکتردا دانیشتبوون.

ئەوەی مـــاوە بیڵێین مەتینەر لە کۆتایی ئەو بەشـــەدا داوا لە تورکیا دەکات واز لەو سیاســـەتەی ئێستای خۆی بێنێ کە دۆســـت دەکاتە دوژمن و دەڵێ: راســـتە بۆ کوردەکانی عێراق دۆســـتایەتی تورکیا گرنگە، بەڵام دۆســـتایەتی ئەوانیش بۆ تورکیا گرنگە، ئەوانەی بە مارشـــی جەنگ هێرش دەکەنەسەر هەرێمی کوردان، ٢٣ســـاڵ زیانیان بـــە تورکیا گەیاندووە، بۆیە پێویستە واز لەو سیاســـەتە بهێندرێت تا ٢٣ساڵی دیکە تورکیا تووشی زیان نەبێت.

**راستە بۆ کوردەکانی عێراق دۆستایەتی تورکیا گرنگە، بەڵام دۆستایەتی ئەوانیش بۆ تورکیا گرنگە، ئەوانەی بە مارشی جەنگ هێرش دەکەنەسەر هەرێمی کوردان، ٢٣ساڵ زیانیان بە تورکیا گەیاندووە، بۆیە پێویستە واز لەو سیاسەتە بهێندرێت تا ٢٣ساڵی دیکە تورکیا تووشی زیان نەبێت**

# کورد و عیراق :
# تەگەرەی سێیەم .. پێناسە و سروشتی دەوڵەتە



**سامی شۆرش**

چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە عیراقدا، واتە دابین کردنی ئەو پێداویستیە گرنگانەی پەیوەندیەکانی کوردو عیراق بەهێز دەکەن، مەحاڵە هەر وا بە ئاسانی و بە گۆڕینی رژێمی سیاسی بێنە دی. بەڵکو ئەو عیراقە دیموکراسیەی هەموو لایەك بە ئاواتی دامەزرانیەتی، مەحاڵە بە بێ گۆڕینێکی بنەڕەتیی بنەما یاسایی و دەستووریەکەی دەوڵەتی عیراق بێتە دی. راستە، ئەمڕۆ رژێمی پێشوو رووخاوەو بنەما ماددیەکەی هەڵوەشاوەتەوەو دەستوورێکی تازەی بۆ نووسراوەتەوەو پەرلەمان و حکومەتێکی فرە پێکهاتە لەسەر کارە. بەڵام هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە رێگەی جێ بە جێ کردنی بڕگەکانی دەستووری تازە، ئەو راستیە دەسەلمێنن کە پێ ناچێت بونیادە سیاسی و یاساییەکەی عیراق گۆڕانێکی بنەڕەتیی ئەوتۆی بەسەر دا هاتبێت و رێگە خۆش کرا بێت لەبەردەم هاتنە دیی هیواو ئاواتەکانی کورد لە ناو چوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوودا.

وەك مێژووی تازەی کوردو عیراق و ناوچەکە دەیگێڕێتەوە، میللەتی کورد هەر لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، وەك میللەتانی دیکەی ناو قەوارەی ئیمپراتۆری عوسمانی، چاوی لە سەربەخۆیی و ئازادیی نەتەوەیی بووە. بگرە لەو سەردەمەدا بزووتنەوە نەتەوەییەکەی کورد زۆر لە پێش بزووتنەوەی نەتەوەیی هەندێك لە میللەتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بووە. دواتر، کاتێك شەڕی جیهانی کۆتای هات و هیچی ئەوتۆ لە بواری جێ بە جێ کردنی داواکاریە نەتەوەییەکانی کورد دیار نەبوو، بزووتنەوە سیاسیەکەی کورد ناچار بوو روو لە خەباتی چەکداری بکات چ لە دژی سوپای بریتانی و چ لە دژی سوپای عیراقی کە ئەوسا، ساڵی ١٩٢١، تازە خەریکی دامەزران بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ شۆرش و راپەڕینەکانی شێخ ئەحمەد بارزانی و شێخ مەحموودی حەفید نموونەی گونجاوی ئەو داواکاریە نەتەوەییانەی کوردن لەو قۆناغەدا.

دواتر، کاتێك بریتانیاو عیراق و تورکیا ساڵی ١٩٢٥ و ١٩٢٦ پێکهاتن لەسەر دابەش کردنی کوردستان لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا، گەورەترین تەگەرە پێشی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گرت ئەو سروشتە نەتەوەیی و دەستووریانە بوو کە دەوڵەتەکانی ناوچەکەی لەسەر دامەزرابوو. لە ئێران، رەزا شای قاجاری خەریکی جێ بە جێ کردنی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی فارسیی گەورە بوو. لە تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورك بە هەمان شێوە پڕۆژەیەکی نەتەوەیی تورکی هێنابووە گۆڕێ و بێ پەروا کاری بۆ جێ بە جێ کردنی پڕۆژەکەی خۆی دەکرد.

لە سوریا، کۆمەڵێك ئەفسەری نەتەوەپەرستی عەرەبی هانی چەند عەشیرەتێکی ناوچەکانی سوریایان دەدا بۆ روو بە روو بوونەوەی سوپای فەرەنساو لە روو راوەستانی. ئەوە بوو ئەم عەشیرەتانە شەڕی مەیسەلونیان لە دژی فەرەنسیەکان بەرپا کرد لە سوریا و تۆوی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی عەرەبی توندوتیژیان لەو وڵاتە چاند. لە عیراقیشدا کار لەوەی سوریا باشتر نەبوو بە تایبەتی کە ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکانی عیراق پێویستیان بە عەشایر نەبوو، بەڵکو زۆرتر خۆیان لە رێگەی هاوکاری بریتانی و ئەو سوپا عەرەبیەی لە عیراق دایانمەزراندو ئەو یاسا ئەساسیەی بۆ دەوڵەتی عیراقیان نووسیبووەوە، راستەوخۆ دەسەڵاتی ئەوەیان وەردەگرت کە پڕۆژەیەکی نەتەوەپەرستی عەرەبی لە عیراقدا دابمەزرێنن و شان بە شانی پڕۆژەکانی دیکەی ناوچەکە بەڕێوەی بەرن. لێرەدا، کارەسات ئەوە بوو ئەم پڕۆژانە لەسەر بنەمای دیموکراسی و فرەخوازی دانەمەزرابوون، بەڵکو زۆرتر مۆرکی عەسکەری و دیکتاتۆری و تاکڕەوێتیان پێوە دیار بوو.

لە دامەزرانی ئەو پڕۆژانەدا بەریتانیا رۆڵی گەورەی هەبوو. بگرە رۆڵەکەی زۆر گەورەتر بوو کاتێك وای لێك دایەوە گوایە ئەو دەوڵەتانە بە هۆی پڕۆژە نەتەوەییەکانیانەوە دەتوانن خۆیان لە یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا دوور بگرن و رێگەش نەدەن جارێکی دیکە ئیمپراتۆرێکی ئایینی وەکو عوسمانیەکان لە ناوچەکە دابمەزرێت. لەم پێناوەدا بریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا، تا رادەیەکی زۆر پشتیان لە میللەتانی وەکو کورد کرد. بگرە چاویشیان نوقاند لە ئاست ئەو پڕۆژە نەتەوەپەرستیە شۆڤێنیستانەی لە تورکیاو ئێران و سوریاو عیراق دادەمەزرا. دیارە ئەو پڕۆژانە نە جێگەی لە ناو سیستەمی سیاسی و یاسایی دا بۆ میللەتێکی وەکو کورد دەکردەوە. نە دەرفەتێکی دیموکراسیی ئەوتۆی

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

لەبەردەم خۆش دەکرد کە بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە بکات و بە هەندێك لە مافەکانی خۆی بگات لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا. ئینجا نە لە دەستوورو یاسا سەرەکیەکانی ئەو وڵاتانەدا ئاوڕ لە تایبەتمەندیەکانی کورد دەدرایەوە. لەوانەش مەترسیدارتر، پرۆژەکان پانتاییەکی زۆریان بۆ کوشت و بڕو سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی کورد داڕشتبوو. هەر ئەو حاڵەتە بوو وای کرد، لە هیچ کام لەو دەوڵەتانەدا، کورد بە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوو بە رۆژێکی ئاسوودە شاد نەبێت. هەڵەی گەورە، لە جەوهەردا، لە میللەتانی ناو ئەو دەوڵەتانە نەبوو. هەروەها لە حکومەتەکانیشیان نەبوو. بەڵکو هەڵەی گەورە لە بنەمای یاساو دەستوورو دامەزراندنی پێناسەی نیشتمانی دا بوو.

وەك مەعلوومە، بەشێکی گرنگی خەباتی میللەتی کورد بە تایبەتی لە عیراقدا، کە گەشەدارترین بزووتنەوەی سیاسیی کوردی تێدا بووە هەر لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە، هەمیشە گۆڕینی سیستەم و یاساو دەستووری عیراق بووە. گۆڕینی ئەو بنەمایانە بە شێوەیەك کە ئیتر جێگەیەکی شیاو بۆ کورد لە ناو قەوارەی دەوڵەتەکاندا بکرێتەوە. ئەم ئامانجە، لە هەندێك بڕگەی مێژووییدا بە تایبەتی لە سەردەمی باوکی رووحیی کورد نەمر مستەفا بارزانی دا تا رادەیەك هاتۆتە دی بە تایبەتی لە کاتی داڕشتنی دەستووری عیراق لە دوای ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ و لە سەردەمی رێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کاتێك شۆرشی مەزنی ئەیلوول حکومەتی عیراقی ناچار کرد دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بنێت و ئامادەیی دەرببڕێت بۆ گۆڕینی هەندێك بڕگەو ماددەی گرنگی دەستووری عیراقی.

بەڵام بە هۆی ئەوەی ستراکچەری دەوڵەتی عیراق هەر لە سەرەتاوە، واتە هەر لە ساڵی ١٩٢١ ەوە لە سەر بنەمایەکی هەڵەو خواروخێچی وا دامەزرایێنرا بوو کە نەدەکرا ئەو دەوڵەتە لە نەتەوەیەك زیاترو لە ئایینێك زیاتر و لە مەزهەبێك زیاتر بە خۆوە بگرێت، بۆیە زۆری نەدەبرد ئەو دەسکەوتانەش تووشی نەهامەتی و گۆماوی خوێن دەهاتن.

لێرەوە، کاتێك کار گەیشتە گەمارۆدان و دابڕاندنی سیاسیانەی عیراق لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دوای ساڵی ١٩٩١، بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەو قۆناغە گرنگەدا مەسەلەی گۆڕینی ستراکچەری دەوڵەتی عیراقی کردە ئامانجێکی سەرەکی خۆی. لە لایەکەوە کەوتە کار کردن لە ناو بازنەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەوسای عیراق بۆ ئەوەی قەناعەت بە لایەنەکانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بکات کە کێشەی عیراق نەك تەنیا بە رووخاندنی رژێمی صەدام حسین چارەسەر دەبێت بەڵکو زۆرتر بە دەسکاری کردن و گۆڕینی سیستەمە یاساییەکەی دەوڵەتی عیراق ئەو چارەسەر کردنە دابین دەکرێت. واتە بە گۆڕینی ئەو دەوڵەتە لە دەوڵەتێکی ناوەندیی پڕ دەسەڵات و دیکتاتۆری بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی غەیرە مەرکەزی. هەروەها بە گۆڕینی پێناسەی هاووڵاتێتی و پێناسەی نەتەوەیی دەوڵەتەکە لە تاکڕەوێتیەوە بۆ فرەخوازی و کرانەوەو دیموکراسیی پەرلەمانی.

تا ئێستا، چ پێ ناچێت پێکهاتە جیاوازەکانی عیراق، لە غەیری کوردو هەندێك ناوەندی شیعە، رازی بن بەوەی ستراکچەری دەوڵەتی عیراق گۆڕانی گەورەو بنەڕەتیی بەسەردا بێت. تا ئێستا، بە لای زۆربەی ئەو پێکهاتانە، عیراق دەوڵەتێکی عەرەبیە. ناوەندی دەوڵەت یەك ناوەندەو ئابووری هیچ پێناسەیەکی ئازادو فرە ناوچەیی نیە و مرۆڤی کوردیش، ئەگەر مافی خۆی هەبێت یان نەبێت، ئەوا لە هاووڵاتیەکی عیراقی بەولاتر هیچی دیکە نیە.

تا ئێستا، چ پێ ناچێت پێکهاتە جیاوازەکانی عیراق، لە غەیری کوردو هەندێك ناوەندی شیعە، رازی بن بەوەی ستراکچەری دەوڵەتی عیراق گۆڕانی گەورەو بنەڕەتیی بەسەردا بێت. تا ئێستا، بە لای زۆربەی ئەو پێکهاتانە، عیراق دەوڵەتێکی عەرەبیە. ناوەندی دەوڵەت یەک ناوەندەو ئابووری هیچ پێناسەیەکی ئازادو فرە ناوچەیی نیە و مرۆڤی کوردیش، ئەگەر مافی خۆی هەبێت یان نەبێت، ئەوا لە هاووڵاتیەکی عیراقی بەولاتر هیچی دیکە نیە

خەتەری ئەم جۆرە بۆچوونانە لەوەدایە کە تا ئێستاش دەستێکی باڵای بەسەر سیاسەت و یاسا دەشکێت لە عیراقدا ئەگەرچی ئەمڕۆ لە عیراقی تازەدا دەستوورێکی تازەو رژێمێکی سیاسیی تازە لە ئارا دا یە. ئەم بۆچوونانە ئەگەرچی لە رووکەشدا باس لە دیموکراسی دەکەن و بە قسە دان بە بوونی دەستووری تازە دەنێن و ئیلتیزامی خۆیان لەبەرامبەر جێ بە جێ کردنی بڕگەکانی دەردەبڕن و ئامادەیی پیشان دەدەن بۆ گۆڕینی ستراکچەری دەوڵەتی عیراق. بەڵام لە راستی دا ئەم بۆچوونانە تا ئێستاش لە ژێر کارتێکردنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرستی و ئایین پەرستی دان. تا ئێستاش پێیان وایە هەموو مافی کورد لەوە دایە کە عیراقێکی دیموکراسی لە بەغدا لە رووی سیاسیەوە دابمەزرێت. تا ئێستا پێیان وایە سەرەکیترین پێناسە بۆ مرۆڤی کورد پێناسەی عیراقیە نەك کوردستانی. بۆیە، چ پێناچێت ئەو تەگەرە گەورەیەی لەبەردەم چارەسەرکردنی عادیلانەی کێشەی سیاسی کورد لە عیراقدا هەیە تا ئێستا لاچوو بێت. لانەچوونی ئەو تەگەرەیەش، بێگومان، لە ئەنجامدا بەوە دەشکێتەوە کە کورد لە دوارۆژێکی نزیك یان دووردا لە دەوڵەتی عیراق داببڕێت. هەندێك لە ناوەندە سیاسیەکانی عیراق، بە تایبەتی ئەوانەی رەگوڕیشەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ رژێمی پێشوو، تا ئێستاش، بە کەلتووری صدام حسین، وا لێکدەدەنەوە، هێشتنەوەی کورد لە ناو دەوڵەتی عیراق دا تەنیا بە سەرکوت کردن و دان نەنان بە پێناسەی نەتەوەیی کورد و رێگەنەدان بەوەی کورد ببێتە خاوەنی خۆی لە ناو چوارچێوەی عیراقدا جێ بە جێ دەکرێت. بۆیە، ئەم ناوەندانە زەمینەی ئەو لێك دابڕانەی کوردو عیراق خۆش دەکەن و هەر ئەوانیش لێی بەرپرسیارن ئەگەر هات و کار گەیشتە لێك دابڕانی یەکجارەکی.

لای هاووڵاتیان دەبێت، بە جۆرێك پارت دەست دەكات بە رێكخستنی پرۆگرامی مەشقی سیاسی و رێكخستنی خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی و تەندروستی و دابینكردنی كار و بەدیارخستنی تەماعی دەرەكی لای خۆیەوە بەم شێوەیە لە سەر ئاستی رۆژانە پارت پرۆسەی دروست سیاسی پیادە دەكات و بەمجۆرەش بازنەكە وەك هەردوو پرۆفیسۆری بەناوبانگ (وایـنز weiner) و لاپالومبـارا (la palombaea) لە كتێبە هاوبەشەكەیاندا بەناونیشانی كاریگەری پارتەكان لەسەر گەشەسەندنی سیاسی The Impat of parti n politi developmebt) ئاماژەیان كردووە بە بازنەی ململانێی سیاسی لەگەڵ پارتی دیكەدا، دەڵێن ئەم ململانێیە دەكەوێتە سەر ئاست و مەودای ئەو توخمانە:

- مەودا و قووڵی دابەشبوونی كۆمەڵایەتی و پاشان دابەشبوونی ئایدیۆلۆژی لێرەدا هەردوو زانا (واینر و لامپالۆمبارا) جەخت لەسەر جیاوازی نێوان پارتە ئایدیۆلۆژییەكان و پارتە پراگماتییەكان دەكەنەوە، پارتە ئایدیۆلۆژییەكان بە كەم تواناتر دەزانن( ئەگەر پەنانەبەن بۆ سەركوتكاری) لە پارتە پراگمانیەكان بۆ چارەسەركردنی كێشەكان.

پرۆفیسۆر ئوسامە غەزالی حەرب لە كتێبەكەیدا بە ناونیشانی "پارتە سیاسییەكان لە جیهانی سێهەمدا" ئاماژە بە مەسەلەیەكی گرنگ دەكات، ئەویش ئەوەیە كە پارتە سیاسییەكانی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم لەسەر هەرێمی و ئەتنی و تائیفی و ئایینی دامەزراون و بوونە هۆكاری بۆ رێگرتن لە تێكەڵاوبوونی نیشتمانی سەرەنجامیش ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی نوێبوونەوەی سیاسیدا، لەمبارەوە ئاماژە بە تەنگژەی لوبنان لە ساڵانی حەفتاكان و هەشتاكانی سەدەی بیستەم دەكات، هەروەها ئاماژە بە تەنگژەی ئێستاش هەروەها دیسان راستیش كە ئاماژە بە بارودۆخی نیشتمانی عێراق دەكات".

پرۆفیسۆر حەرب ئاماژە بە مەسەلەیەكی دیكەی گرنگ دەكات ئەویش مەسەلەی پەنابردن بۆ دابەشكردنی هێزی سیاسی وەك هۆكارێك بۆ دەرخستنی شێوازێكی میانرۆ لەسەر پارتە ئایدیۆلۆژییەكان كە ئەمە وادەكات توانایەكی زیاتریان لەسەر هاوبەشی لە پەیوەندی یەكسانی لەسەر ئاستی نیشتمانی پێبدات.

ئەو كۆمەڵگایانەی بە دابەشبوونی قووڵ ناسراون، بوارێكی زیاتر لەبار هەیە بۆ دروستبوونی سیستەمی تاك پارتی كە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو یەكێتی و كۆمەڵگە لاوەكییەكان دەسەپێنێت"ئەزموونی ئەفریقی نموونەیەكە بۆ ئەم حاڵەتە".

- توانای پارتە سیاسییەكان دەوەستێتەسەر جۆری سەركردایەتی پارتەكان واتە دەوەستێتەسەر ئاراستەو چالاكی ئەو جۆرە سەركردانە، لێرەدا پرۆفیسۆر حەرب ئاماژە بەوە دەكات كە لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا بوونی ژمارەیەك لە سەركردایەتی لێهاتوو كاریگەری لەسەر بەرێوەبردنی تەنگژەكە دەبێت. هەر بۆیە باكگراوندو ئەزموون و لێهاتوویی لەم بوارەدا زۆر گرنگە.

- قابیلەت و توانا لە بەرێوەبردنی تەنگژەكاندا كاریگەری لەسەر ئاستی فراوانبوونی بنكەی پارتی و سیاسی و پلەی ئاشكرای چالاكییەكانی و چۆنییەتی رۆچوون بە ئاستە ناوخۆییەكاندا دەبێت"نموونە لەمبارەوە پارتی كۆنگرەی هیندستانە".

- سروشتی پەیوەندی پارت بە هەیكەلی حكومەتەوە، ئەمەش بەو مانایەی ئایا پارتی زاڵ لەسەر دامەزراوەكانی حكومەتە یان نەء؟ لە نموونەی پارتەكانی ئەمەریكای لاتیندا زاڵی پارت لاوازە.

لە دژی ئەو دوو پرۆسەیەی سەرەوەدا"دروستبوونی سیاسی و ئیدارەی تەنگژە سیاسییەكان" پرۆسەیەكی دیكەی گرنگ هەیە پەیوەندارە بە هاوبەشی سیاسی.

ئەم جۆرە پارتانە لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا"بەتایبەتیش لە حاڵەتی سیستەمی تاك پارتیدا" هانی بەشداری سیاسی هاووڵاتیان دەدات، بەڵام لە سنوورێكی دیاریكراوداو نابێ ئەو ئاستە ببەزێنرێت، ئەم هاندانە بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە پارتی سیاسی زۆر بایەخ بە كاریگەری لەسەر ئاراستە سیاسیەكانی هاووڵاتیان دەدات"لێرەدا تێبینی دەكرێت هێز سەركوتكاری دەوڵەت بەكاردەهێنرێت" هەروەها هۆیەكانی راگەیاندنی دەست بەسەرداگیراو لەلایەن دەوڵەتەوە بەكاردەهێنرێت".

ئەم جۆرە هاوبەشیكردنە دەبێتە هۆكاری زیادبوونی فراوانی پارت و سەرەنجامیش زیادكردنی لایەنگرانی بەڵام نابێتە هۆ زیادكردنی نفوزی سیاسی بۆ ئەندامی پارتەكە، بەڵكو ئەندامی پارتەكە هەر بێ توانا دەمێنێتەوە لەسەر پیادەكردنی نفوزی خۆی و نفوزەكە تەنیا لە نێوان ئەندامانی سەركردایەتی پارتەكە دەمێنێتەوە.

ئەم ئاراستەیەی پارتی سیاسی وەك پرۆفیسۆر هنتگتن ئاماژەی پیا دەكات لە پێناوی بەدیهێنانی ئەركە سەرەكییەكەی پارتە سیاسییەكانە لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا ئەویش بریتییە لە دروستكردنی چوارچێوەیەكی دامەزراوەیی بۆ هاندانی جەماوەر یان هاوبەشی سیاسی. بەڵام پرۆفیسۆر هنگتن ئاماژە بە راستییەكی گرنگ دەكات ئەویش ئەوەیە كە لەم رێگەیەدا ئاستەنگ هەیە، ئەو ئاستەنگەش پەیوەندی بەوە هەیە كە زۆربەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە لە بنەرەتدا، گوندنشین و نەزعەیەكی تەقلیدی بەسەریاندا زاڵە بە جۆرێك كە كاریگەریان لەسەر سەركردایەتی ئەو پارتانە دەبێت بۆ بونیادی ئاراستەی تەقلیدیانە یان لانی كەم تێكەڵاوكردنی لەگەڵ ئاراستەی نوێبوونەوەكەدا، ئەم حاڵەتەش بەتایبەت دەبێتە ئاستەنگێكی گەورەو جدی لەبەردەم بەدیهێنانی نوێبوونەوەی سیاسیدا.

لەمبارەوە پرۆفیسۆر هنگتن ئاماژە بەبێ توانایی پارتی سیاسی دەكات لە چەسپاندنی چوارچێوەی دامەزراوەیی لە ژیانی سیاسیدا، ئەمەش دەبێتە هۆكاری دەركەوتنی چەندین تەنگژە لە ناویاندا تەنگژەیی شەرعییەت، ئەمەش لە بۆچوونی پرۆفیسۆر(پای pye) ئەوە دەگەیەنێت:"گۆڕانكارییەكان لە هەیكەلی حكومەت و هەڵسەنگاندنی لە ئاكام و دەرەنجامی ئەوەی ئەو پرسیارە دەوروژێت، ئایا ئەم گۆڕانكاریانە لای هاووڵاتیان پەسەند دەبن یان نەء؟

لێرەدا پارتی سیاسی رۆڵێكی گرنگ لە كەسیكردنی لایەنگیری میللی بۆ سیستەمی حوكمەكەی دەگێڕێت و سەرەنجامیش بەدەستهێنانی شەرعییەت. بۆ ئەمە هەردوو پرۆفیسۆر"واینرو لامپا لۆمبارا" ئاماژە بەوە دەكەن كە گواستنەوەی دەسەڵاتی سەركردایەتی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر تاقیكردنەوەیە بۆ شەرعییەت، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆكاری گواستنەوەی وەفاداری لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكەو بەدەستهێنانی شەرعییەت.

لەم هەمووە ئەم رونكردنەوانەدا، پارتی سیاسی لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا نەیتوانیووە ئەمانە بەدەست بهێنێت:

- هاوبەشی سیاسی راستەقینە.
- بەرەوپێشەوەچوونی ئابووری.
- بەدیهێنانی سەقامگیری كۆمەڵایەتی و وەرگرتنی بەها تازەكان.
- وەرچەرخانی پارتی سیاسی لە دامەزراوێكەوە كە كار لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ هەمووان دەكات بۆ دامەزراوەیەك كە كار لەسەر ئاستی ناوخۆ و تائیفی و هۆزو ئاینی و ئەتنی بكات سەرەنجامیش ونكردنی گرنگترین تایبەتمەندی پارت كە ئەویش نوێنەرایەتی نیشتمانە.

بەمجۆرە پارتی سیاسی نەیتوانیووە رۆڵی خۆی وەك هۆكارێك بۆ نوێبوونەوەی سیاسی لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا بگێڕێت، هەر بۆیە زۆر گرنگە چاو بە رۆڵی پارت لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا بگێڕێتەوەو دیدێكی تازە پێشكەش بكەین بەتایبەتی دەبارەی رەهەندی رێكخستنی بۆ پارتی سیاسی.

ئەو كۆمەڵگایانەی بە دابەشبوونی قووڵ ناسراون، بوارێكی زیاتر لەبار هەیە بۆ دروستبوونی سیستەمی تاك پارتی كە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو یەكێتی و كۆمەڵگە لاوەكییەكان دەسە پێنێت"ئەزموونی ئەفریقی نموونەیەكە بۆ ئەم حاڵەتە

**گواستنەوەی دەسەڵاتی سەركردایەتی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر تاقیكردنەوەیە بۆ شەرعییەت**

# ئایا پارتی سیاسی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هۆکارێکە بۆ نوێبوونەوەی سیاسی؟



شێرزاد نەجار
ی.پ. لە زانستە سیاسییەکان

لە ناوەراستی سەدەی بیستەمدا، زانایانی سیاسەت دەستیان کرد بە باس کردنی نوێبوونەوە لە کۆمەڵگە تەقلیدی و دواکەوتووەکاندا ، ئەم باسە بایەخێکی زیاتری وەرگرت پاش سەربەخۆبوونی دەوڵەتە کۆلۆنیالیەکانی ئاسیا و ئەفریقا و پاش دەرچوونی بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆتایی هێنان بە ئیمپریالیزم لە ساڵی ١٩٦٠.

لە پرۆسەیەکی نوێبوونەوەی لەمجۆرەدا، قسە وباس لەسەر رۆڵی پارتی و چەندین پرسیاریش دێنە گۆرێ:-

- ئایا پارتی سیاسی لەو کۆمەڵگە تەقلیدی و دواکەوتووەانەدا دەتوانێت هەمان رۆڵ بگێرێت کە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا دەیگێرێت؟

- ئایا پارتی سیاسی دەتوانێت رێوشوێنی گۆرانکاری گەوهەری بگرێتە بەر ببێتە هۆکاری گۆرانکاری ریشەیی لە هەیکەلی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانەدا.

ئەو زانایانەی سیاسەت وەك پێشەنگ سەیر دەکەن گەیشتنە قەناعەت کە پارتی سیاسی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دەتوانێت ئەم دەستکەوتە بە دەست بهێنێت، پرۆفیسۆر ((دیڤید ئەپتەر Apter بوو ، ئەم قەناعەتەش لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی((سیاسەتەکانی نوێکردنەوە the politicis of modernazation )) کە لە ساڵی ١٩٦٥ چاپیکردووە، رەنگیداوەتەوە ، لەم کتێبەدا جۆرە گەشبینیەکی پێشانداوە بەوەی کە حزبی سیاسی لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دەتوانێت رۆڵێکی بنەرەتی لە پرۆسەی نوێبوونەوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، لەمبارەوە ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ رۆڵێك هێندەی رۆڵی پارتی سیاسی مەزن نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیەکە پارتی سیاسی زیاتر دامەزراوێکی ((هاوچەرخ))انەیە لەو کۆمەڵگایانەداو، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو پارتە سیاسیانە بە هاوشێوەی پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دامەزراوە. هەر ئەم هۆکارەش وادەکات کە پارتی سیاسی ببێتە گرنگترین هۆکار نوێبوونەوە لەو ناوچانەی تازە پێگەیشتوون.بەمجۆرە دەبینی پارتی سیاسی زۆر بە توندی لەگەڵ هەوڵەکان نوێبوونەوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا ببینێ گرێدراوەو، بە جۆرێك کە شێوازی نوێبوونەوەکە شێوازی حزبی دامەزراو دیاریدەکات.

ئەم رۆڵەی پارتی سیاسی لای ((ئەپتەر)) لە بواری تەکنەلۆژیا و رێکخستن دەردەکەوێت ، واتە پارتی سیاسی لە هەموو دامەزراوەکان چالاکتر و کاریگەرتر دەبێت، ئەو نموونانەشی لەمبارەوە پرۆفیسۆر ئەپتەر ئاماژەیان پێدەکات، نموونەی پارتە سیاسیەکان ((گانا و کینیا و مالی))یە. پارتە سیاسییەکان لەم دەوڵەتانەدا رۆڵێکی چالاکانەی راشکاوانەیان هەبووە لە بەهێزکردنی هاوبەشی سیاسی لای هاوڵاتیان و هەروەها هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هاوبەش لای هاوڵاتیان.

بەمجۆرە ئەم جۆرە پارتانە وەك پرۆفیسۆر ئەپتەر جەختی لەسەر دەکاتەوە ، رۆڵێکی سیستماتیکانە بۆ بونیادی هزری تازەو دامەزراندنی تۆری پەیوەندی بۆ ئەم جۆرە چەمکانە دروست دەکات و بەمجۆرە جەماوەر پێکەوە گرێدەدات و کاریگەری حەتمی لەسەر هێزی سیاسەت و توانایان بۆ هاندانی جەماوەر دەبێت.

بەڵام ئەم جۆرە پرۆسەی نوێبوونەوەیە لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆکاری نا هاوسەنگی کۆمەڵگە تەقلیدیەکان کە ئەمەش لەو دابەش کردنە دێتە بوون و گرفتەکان لە میانەی هەڵسەنگاندنی نوێبوونەوەی تازە و هاتنەناوەوەی فراوانی جەماوەر بۆ جیهانی سیاسەت و خواست و ویست بۆ هاوبەشی کردنی سیاسی دەردەکەون.

خۆ ئەگەر بێت و نەتوانرێت ئەم داواکارییانە پر بکرێتەوە ئەوا مەترسی ئەوە دێتە گۆرێ کە تەنگژەی سیاسی هەمەجۆر دروست ببێت و ئەگەر ئەم تەنگژانەش بەردەوام بن ، دەبێتە هۆکاری درووست بوونی دیاردەیەکی ترسناك لە هەیکەلی سیستەمە سیاسیەکەدا و ئەمەش پرۆفیسۆر هنتگتن Hantigton ناوی لێناوە (( هەلوەشاندنەوەی سیاسی Politic Decay)) لێرەدا بە تایبەتی رۆڵی گەوهەری حزبی سیاسی دەردەکەوێت ، ئەویش پێویست دەبێت لەسەر کە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی رێگە لەو هەڵوەشاندنەوەیە بگرێت و هەروەها رێگە لە بەردەوامی ناسەقامگیری سیاسی بگرێت.

بەمجۆرە لە بۆچوونی پرۆفیسۆر هنتگتن پارتی سیاسی بریتییە لە ئالەتێکی دامەزراوەیی بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو گرفتانەی کە پرۆسەی نوێبوونەوە درووستی دەکات و دەکرێت بەمجۆرە دەستنیشانیان بکەین:-

- دەرکەوتنی ناسنامەی وەفاداری تازەو سەرەنجامیش دەرکەوتنی هۆشیاری کۆ لەسەر ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.
- دەرکەوتنی دیاردەی توندو تیژی کە ئەمەش پەیوەستە بە بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەبوونی یەکسانی و نائومێد بوون.
- دەرکوتنی دیاردەی گەندەڵی کە پەیوەندارە بە پرۆسەی نوێبوونەوەی خێرا و درووست بوونی سەرچاوەی تازەی دەوڵەمەند بوون و نفوز.
- فراوان بوونی بۆشایی نێوان شارو لادێ.

لەم دیراسەتە کە باس لە رۆڵی نوێبوونەوەی بۆ پارتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە دواکە تووەکاندا دەکات ، دەبینی هەڵوێست و بۆچوونەکانی زانایان هەمەجۆرن، بەڵام دەتوانین ئەم رۆڵە لە سێ ئاستدا پۆڵێن بکەین:-

- ئاستی پێکهێنانی سیاسی
- ئاستی هاوبەشی سیاسی
- ئاستی شەرعیەتی سیاسی

بەڵام ئەو پرسیارە گەوهەریەی دەمێنێتەوە پەیوەندارە بە: ئایا پارتی سیاسی لە کۆمەڵگە هەمەجۆرەکاندا لەم ئاستانەدا سەرکەوتوو دەبێت بۆ ئەوەی رۆڵ و ئەرکی خۆی لە نوێبوونەوەی کۆمەڵگەدا بەدەست بهێنێت؟

لە واقیعداو لەسەر ئەم باسە لە نێوان زانایانی سیاسەتدا وتوێژێکی فراوان هەیە، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسییەکان لەو کۆمەڵگایانەدا، وەك حاڵەتێك بۆ دروستکردنی گۆرانکاری دەستیان پێکردووە، بەڵام ئەم رۆڵە بە زۆری رۆڵێکی سلبی بووە لەبەر ئەوەی ئاراستەی ئەم پارتانە ئاراستەیەکی هاندان و سەرتاپاگیربووە و لە سەر بنەمای دامەزراندنی تاك پارتی و پێکهاتی دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز کاریان کردووە.

ئەمە لە کاتێکدا مەزندەکان بەو جۆرەبوون کە ئەم پارتانە رۆڵی •پارتی گونجاو Adaptive party) بگێرێت، واتە ئەم جۆرە لە سیستەمی پارتایەتی ببێتە هۆکاری بایەخدان بە خۆ گونجاندن لەگەڵ ئاراستە و بۆچوونەکانی جەماوەر لە پێناوی کۆکردنەوەی لایەنگیری جەماوەر و لە میانەی ململانێی هەڵبژاردندا.

بەمجۆرە ئەم جۆرە ئاراستەیە بۆ بونیادی سیستەمی پارتایەتی پتەو لە کۆمەڵگە دوا کەوتووەکاندا کاریگەری لە دروستبوونی سیاسی

پارتە سیاسییەکان لەم دەوڵەتانەدا رۆڵێکی چالاکانەی راشکاوانەیان هەبووە لە بەهێزکردنی هاوبەشی سیاسی لای هاوڵاتیان و هەروەها هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هاوبەش لای هاوڵاتیان



# سەردانەکەی عەبدوڵڵا گول بۆ واشنتۆن
# پرسیار و دڵەڕاوکێ

**کرۆکی دیداری نێوان گول و بووش"پرسی کوردو وزە"**

سەرۆك کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گول بە سەردانێکی فەرمی چووە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە ناوەندی راگەیاندنی سەرۆك کۆمارەوە راگەیانراون، لەکاتی هەڵبژاردنی گول بۆ سەرۆك کۆمار ئەوکاتەی لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوشەوە پیرۆزبایی لێکرا، گول بۆ ئەمەریکا داوەتکراوە. بۆیە گول لەسەر بانگهێشتی جورج بووش سەردانی ئەمەریکای کرد.

شتێکی سەرنجراکێشە بە ئەگەری هەبوونی رۆڵیان لە ئیدارەکردنی ئەمەریکادا، دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، عەبدوڵڵا گول لەگەڵ دیبلۆماتی دیموکراتەکان ریچارد هۆلبرۆك و وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا لەسەر ناوی دیموکراتەکان مادلین ئۆڵبرایت ببینێ. دواتر لە هەندێك زانکۆو پەیمانگادا عەبدوڵڵا گول دەربارەی سیاسەتی تورکیا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی وزەو نەوت و پرسی PKK، بەتایبەت لەسەر پرسی عێراق هەڵوەستەی کرد.

ئەم سەردانەی عەبدوڵڵا گول پێش سەردانەکەی جورج بوش بوو بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. رۆژنامەکانی تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەردانەکەی عەبدوڵڵا گول بەتایبەتی بۆ کاتێکی وەکو ئێستا دانراوە، بۆ ئەوەی بوش پێش گەشتەکەی بۆ رۆژهەڵاتی ناوین، دەربارەی پرسە هەڵواسراوەکانی رۆژهەڵاتی راوێژ بە عەبدوڵڵا گول بکات.

هەندێك رۆژنامەی ئەمەریکی لە رۆژهەڵاتی ناوین رایانگەیاند: ئەمساڵ لە ئەمەریکا هەڵبژاردن هەیە، مسۆگەرە جورج بوش لەسەر پۆستەکەی نامێنێ، ساڵێکی دیکە ئەمەریکا سەرۆکێکی دیکەی دەبێت رەنگە کۆماری بێت یاخود دیموکراتی، لەبەر ئەمەش لەم هەڵمەتەی کۆتاییدا بوش دەخوازێت هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی و دەوڵەتانی ناوچەکە بەشێوەیەکی زیاتر لە دژی ئێران هانبدرێن، جگە لەم کارە جورج بوش هیچ کارێکی گرنگی نەماوە بۆ ئەوەی بەسەری بخات لە تورکیا ئەم شرۆڤەیە ئەنجامێکی بەمشێوەیەی لێدەکەوێتەوە، لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین دەوڵەتێکی وەکو تورکیا لەگەڵ هەریەك لە سوریاو ئێران(دوو دوژمنی سەرەکی ئەمەریکا) هاوپەیمانێتی بەهێزی لەگەڵیان هەیە لەبەر ئەمەش ناتوانێت ببێتە هاوکارێکی جیددی و یارمەتی جورج بوش بدات.

هەمان ئەو لایەنانە دەڵێن ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی گول لەگەڵ بەرپرسانی ئەمەریکا بۆ راوێژکردن بە عەبدوڵڵا گول نەبووە، بەڵکو گفتوگۆکردن بووە دەربارەی پرسەکانی عێراق و پرسی کورد. هەروەها ئەمەریکا لەلایەن خۆیەوە هەوڵدەدا تورکیا دەربارەی پرسی وزەو نەوت و گاز لە دژی رووسیاو ئێران بەلای خۆیدا رابکێشێت، تورکیا لە ماوەی ئەم دواییەدا دەربارەی ئەم پرسانە هەنگاوی گرنگی هاوێشتووە بۆ نزیکبوونەوە لە ئەمەریکا، لە بەرامبەردا تورکیا هەوڵدەدات لە پرسەکانی عێراق و پرسی ستاتیۆی فیدراڵی کوردان و کەرکووك و PKKو ئەمەریکا بە تەواوی بکێشێتە لای خۆیەوە، لەبەر ئەمەش رادەگەیەنرێت، لەنێو ژانتاکەی گولدا دۆسییەی عێراق و پرسی کەرکووك و نەوت دەستووری عێراق و پرسی پەکەکە هەیە.

تورکیا تا ساڵێك لەمەوبەر داخوازییە فەرمییەکانی لەسەر کەرکووك و تورکمان، بە ئاشکرا لە سیاسەتی فەرمیدا دەهێنایە زمان بەڵام دوای ئەوەی بینیمان ئەم سیاسەتە نەك تەنها کوردان، بەڵکو

عەرەبەکانیش بێزار دەکات لەبەر ئەمەش، بڕیاریاندا بە ڕەسمی پرسی کەرکـــووك باس نەکەن، تەنها باس لە مەســـەلەیPKK و هەبوونی نایاساییان لە نێو خاکی عێراق کرا.

ئەوکاتەی تورك بە فەرمی باس لە هەبوونی PKK لە باکووری عێراق دەکەن، پێویســـتە مرۆڤ تێبگات کە هەم سیاسەتی فیدراڵی کوردان و هەم پرســـی کەرکووك و هەم پرســـی دابەشکردنی داهاتی پەترۆڵـــی عێراق هـــەم پەیوەندی هەرێمی فیدرالیـــزم و حکومەتی ناوەندی لەم مەسەلەیەدا هەیە.

دەســـەڵاتدارانی تورکیا لە ڕۆژی کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك وەزیر ئەردۆگان و ســـەرۆك بوش لە ٢٠٠٧/١١/٥ بەدواوە زۆر شادومان و خۆشحاڵن بە دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی لە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات ، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/١١ پەرلەمانی تورکیا بەڕەتکردنەوەی دەربازبوونی ســـەربازانی ئەمەریکا لە خاکـــی تورکیاوە بۆ عێراق، هاوکاری ستراتیژی نیو سەدە لە نێوان ئەمەریکاو تورکیا هەڵوەشایەوە، بەمەش تورکیـــا ڕۆڵێکی خراپی بینی لە پەیوەنـــدی نێوان هەردوو وڵاتـــداو ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم پەیوەندییانە بـــەرەو خراپتر دەچوون، بەڵام ئەمرۆ باس لەسەردەمێکی تازە دەکرێت، کە ئەمەریکاش وەکو تورکیا PKK بە دوژمنی ســـەرەکی قبـــوڵ دەکات و لە عێراق ئەمەریکا گوێدەداتە مەرج و داخوازی و پێشنیازەکانی تورکیا، سەرۆك کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گول بەم دڵخۆشییەوە چووە ئەمەریکا، لەسەر ڕێگای بەرەو ئەمەریکا لەکاتی قســـەکردنیدا لەگەڵ ڕۆژنامەوانانی تورك، گول ڕایگەیاند لە بنیادنانی دوا ڕۆژی عێراقدا سیاســـەتی هەردوو وڵات، بە تەواوی لەگـــەڵ لە یەکتری کۆك و هەماهەنگە، تەنانەت عەبدوڵڵا گول گوتی: ئەگەر ڕێکخســـتنی PKK لـــەم نێوەندەدا نەمێنێ دەتوانرێت یارمەتیدانی تورکیا بۆ عێراق(١٠) ئەوەندەی دیکە زیاتر بکرێت، عەبدوڵڵا گول لەبارەی ســـەردانەکەی خۆی گوتیشی ئەمەریکا نـــە تەنها هاوپەیمانێکی ســـتراتیژی تورکیایە(بەڵکو ئەو گرنگتریـــن هاوپەیمانە)و ئەنجامی پەیوەندی نێـــوان هەردوو وڵات کاریگەری لەســـەر یەکتری دەکەن. ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ کە ئێمە لە تێکۆشاندایین لە دژی PKK، هەروەها ئەو پێشکەوتنانەی لە عێراق ڕوو دەدەن ئەمە مانای وایە، پەیوەندی سەردەمی ڕابردوو بەسەرچوو و قۆناغێکی نوێمان دەستپێکردو متمانە لە نێوانماندا بەهێز بووە.

عەبدوڵڵا گول دەربارەی کێشەی کەرکووك بانگەشەی ئەوەی کرد ئەمەریکاو تورکیا یەك ئامانجیان هەیە، سیاســـەتی ئەمەریکا ئەوەیە لە عێراقدا دەســـەڵاتێکی مەرکەزی هەبێـــت و یەکپارچەیی خاکی عێـــراق پارێزراو بێت، ئەوان دەزانن پێچەوانەی ئەمە تێکچوونە یاخود ئەڵتەرناتیڤێکی خراپترە، ڕەنگە لە هەندێك خاڵی بچووکدا، جیاوازی هەبێت، ئێمە بۆ کەرکووك خەباتی سیســـتەماتیکمان بەڕێوەبرد بەڵام تائێستا ناتوانین بڵێین هەموو شتێك تەواوبووە، ئێمە تەنها وەکو بینەر ناوەســـتین بەڵکو ئێمە باس دەکەین و ئەوەی ئێمە بەڕاســـتی بزانین پێداگیری لەسەر دەکەین و، بیروڕای خۆمان دەگەیەنینە ئەمەریکا.

عەبدوڵڵا گول ئاشکرایکرد ئەو لە بەرامبەر هاوکاری ئەمەریکا بۆ دژایەتی PKK زۆر سوپاسگوزارەو گوتی: یارمەتیدانی ئەمەریکا لەم مەسەلەیەدا سەرەتایی قۆناغە نوێیەکەیە، تورکیا ئامادەبوو هێرش بکاتە سەر PKK بەڵام لەبەر ئەوەی ئاسمانی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکایە، بۆیە تورکیا داوایکرد لەگەڵ ئەمەریکا هێرشی ئاسمانی ئەنجامبدات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکە.

عەبدوڵڵا گول گوتی: ئەگەر ڕێکخستنی تیرۆر(مەبەستPKK) ەیە لەم ناوچەیە نەمێنێ یارمەتیدانی تورکیا بۆ عێراق و کوردەکانی ئەوێ(١٠) قاتی دیکـــە زیاتر دەبێت لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، سیاســـی، ئاسایش و هەموو شتێك، ســـەرکۆماری تورکیا دەربارەی مەســـەلەی ڕیشەکێشـــکردنی تیرۆر هەرچەندە قبوڵیکرد بە تەنها لە ڕێی میتۆدی ســـەربازی نابێت گوتی پێویستە لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاســـی و یاســـایی، گۆڕانکاری بکرێت، بەشێوەیەك کە لێبوردنێکی گشتی دەربچێت، بەڵام گول هیچ پرۆژەیەکی دیاریکراوی نەدایە دەست ڕۆژنامەنووسان.

ئەمەش بۆ ڕای گشتی و بەتایبەتی کوردان دەبێتە مایەی خەیاڵ لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا لە پرۆگرامی ئەم حکوومەتەو حکوومەتەکانی دیکەی تورکیا شـــتێك بۆ ریفۆرم و چارەســـەرکردنی کێشەی کورد نەبووە، ئەوەی هەیە تەنها لەسەر کاغەزەو هەندێك قسەی کلێشەیی و بازنەییەو ڕای گشتی پێ فریو دەدرێ و لە ئەنجامدا ئەگەر جارێکی دیکە شەڕ ڕابوەستێت ئەوا دەڵێن مەسەلەیەك بە ناوی کوردەوە



وجودی نییە. بەهەرحـــاڵ وەك چاوەڕێ دەكرا ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٨ ســـەرۆك كۆماری توركیا عەبدوڵڵا گوڵ، لەلایەن ســـەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا جورج بوش لە كۆشـــكی ســـپی پێشوازی لێكرا، كۆبووونەوەیەكی داخراویان دەربارەی پرسە هەڵواسراوەكانی نێوان توركیاو ئەمەریكا ســـازكرد. دوای كۆبوونەوەكە هەردوو ســـەرۆك لە باخچەی كۆشكی سپی كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسیان سازكرد.

جورج بـــوش ڕایگەیاند ئەمەریكا لە هـــاوكاری دژی (PKK)ی دوژمنـــی توركیا بەردەوام دەبێت و توركیا هاوكارێكی ســـەرەكی و(ســـتراتیژی)یە، پەیوەندی نێوان هـــەردوو وڵات زۆر گرنگەو ئێمە هەوڵدەدەیـــن ئەو پەیوەندییـــە بەهێزتر بكەین، بـــوش گوتی: توركیا وانیشـــاندەدات ئیســـلام و دیموكرات دەتوانن بەیەكەوە كار بكەن، بەم ڕۆڵەی توركیا دەبێتە پردێك لە نێوان ئەوروپاو جیهانی ئیسلامی.

هەروەهـــا بوش ڕاگەیاند كە ئەوان لەگەڵ عەبدوڵڵا گوڵ دەربارەی پرســـی یارمەتیدانی توركیا بۆ مســـۆگەركردنی سەرچاوەكانی وزە گفتوگۆیان كردووە.

**"قسەكانی گوڵ"**

دوای جورج بوش، عەبدوڵڵا گوڵ بەمشـــێوەیە قسەیكرد: شەڕی هاوبەشـــمان لە دژی PKK بەردەوام دەبێت، من دەربارەی هاوكاری ئەمەریكا سوپاســـی ســـەرۆك بوش دەكەم، دواتر ئێمە لە بوارەكانی ئاســـایش و وزەو كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەماهەنگی دەكەین و بەیەكەوە كار دەكەین.


پێشتریش سەرۆك كۆمار عەبدوڵڵا گوڵ لە كۆشكی سپی سەردانی جێگری ســـەرۆك بوش(دیك چینی ) كردبوو، لەم سەردانەدا وەفدی توركیا پێكهاتبوون لە هەریەك وەزیری وزەو ســـەرچاوە سروشتییەكان، باڵیۆزی توركیا لە واشـــنتۆن بەشێوەیەكی گشـــتی پرسەكانی وزەو پەترۆڵ و گاز گفتوگۆیان لەبارەیەوە كرا، هەروەها یەكێك لەم پرسانەی كە گفتوگۆی لەبارەوە كرا ئامادەكاری بۆ پرۆژەی گەیاندنی پەترۆڵ و گازی عێراق لەسەر خاكی توركیاوە بۆ ئەوروپا.

بۆ ڕۆژی دواتر عەبدوڵڵا گوڵ لە شوێنی حەوانەوەی خۆی ژەمی بەیانـــی لەگەڵ كۆندالیزا ڕایس خوارد، بۆ ڕۆژی ســـێیەمیش گوڵ ژەمی بەیانی لەگەڵ وەزیری بەرگری (ڕۆبەرت گیتس) خوارد.

"پرسی وزەو مەسەلەی كورد كرۆكی كۆبوونەوەكان بوون"

ئاژانســـی ئەنـــادۆل ڕایگەیاند كە لە تێكڕایی ئـــەم كۆبوونەوانە بەتایبەتی لـــە كۆبوونەوەی نێوان بوش و گوڵ مەســـەلەی PKK و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین، مەســـەلەی ئەفغانســـتان و پاكستان، ئاسایشی پاراستنی سەرچاوەكانی وزەو پەیوەندی هاوبەشی دیموكراتی گفتوگۆیان لەسەركرا، عەبدوڵڵا گوڵ دوای كۆبوونەوەكە(كۆبوونەوەی لەگـــەڵ بـــوش) لـــە میوانخانەكەی خـــۆی بۆ میدیـــای توركیا كۆبوونەوەیەكی ســـازكردو لەمبارەیەوە ڕایگەیاند: كە پرسی PKKو پرسی كوردان یەكێك لە خاڵە گرنگەكان بووەو وتووێژی لەسەركراوە.

گـــوڵ گوتی: بـــوش ڕایگەیاندووە كـــە ئەمەریكا لـــە نزیكەوە هەنگاوەكانـــی ڕیفـــۆرم و دیموكراتیبوونـــی توركیـــا تاقیبدەكات و داوایكردووە ئەم ڕیفۆرمانە قوڵتـــر بكرێنەوە، ڕاگەیاندنەكانی توركیا ئاشكرایان كرد دەربارەی پرسی عێراق بوش داوای لە توركیا كردووە، پەیوەندییە دراوســـێیەكان ئاسایی بكرێنەوە بەتایبەتی لەسەر بنەمای دەستووری عێراق پەیوەندی ڕەسمی و ئاسایی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی باكووری عێراق(هەرێمی كوردســـتان) دابنێت، دەبارەی مەســـەلەی PKK و پرســـی كورد ئەمەریكا داوای لە توركیا كردووە دەســـت بە ڕیفۆرمی دیموكراتی بكات و چارەســـەری سیاســـی دوورمەودا بدۆزێتەوەو ئیتر كاتی ئەوە هاتووە.



**دانا پێرینۆ**

**كۆشكی سپی: كاتی چارەسەری سیاسی هاتووە**

گوتەبێژی كۆشـــكی سپی(dana perino) لە واشنتۆن پێش كۆبوونەوەی عەبدوڵڵا گوڵ و جورج بوش كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەگەری ســـازكرد و هەندێك زانیـــاری دەربـــارەی ناوەڕۆكـــی كۆبوونەوەكە ڕاگەیاند.

(dana perino) ڕایگەیاند: ســـەبارەت بە مەسەلەیPKK كاتی چارەســـەری سیاســـی درێژخایەن هاتووە،(perino) گوتی: كۆبوونـــەوەی گـــوڵ و بوش لە ئەنجامی هـــاوكاری و هاوپەیمانێتی دووروودرێژی نێوان هەردوو وڵات سەرچاوە دەگرێ.

(perino) گوتـــی: پشـــتگیركردنی دیموكراســـییەتی تـــازە پێگەیشـــتوو، پشتگیری ئاشـــتی و ئارامی لە بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمەریكاو توركیادایە، گوتەبێژی كۆشكی سپی بانگەشەی ئەوەشی كرد كـــە لە ئۆپەراســـیۆنی دژی PKK تائێســـتا زۆر وردبینانەو ئەنجامـــدراوەو تەنها لە بارەگاكانـــی PKK دراوە( یاخود ئامانجی مەدەنی نەپێكاوە).

(perino) ڕایگەیاند: لەگەڵ توركیا لەنێو دیالۆگێكی باشـــدان و یەكێك لە ئامانجەكان ئەوەیە چارەســـەرییەكی درێژخایەن بدۆزنەوەو گوتی(مەســـەلەیPKK كاتێكـــی زۆر دەخایەنێت و ئێســـتا كاتی چارەسەری هاتووە).

**جەنگیز چاندار: لە دیدارەكەی بوش و گوڵ باسی چارەسەركردنی پرسی كورد كراوە**

ڕۆژنامەوان و نووســـەری بەناوبانگی توركیـــا جەنگیز چاندار لە گوتاری ئەمڕۆی خۆیدا كە لـــە ڕۆژنامەی(ڕیفرانس) بڵاوكراوەتەوە باس لە ســـەردانی ســـەرۆك كۆمار عەبدوڵڵا گوڵ بـــۆ ئەمەریكا و چارەســـەری سیاسی پرســـی كورد دەكات، چاندار دەستنیشان دەكات لە(oval ofise) لە نێوان بوش و گوڵ مژاری چارەسەری سیاسی و چارەســـەری فراوان وتووێژیان لەســـەركراوە، بەڵام گوڵ لەبەر نەژاد پەرستەكان و سیاسەتی ناوەخۆیی بە توندی ئەمە ڕەتدەكاتەوە، چاندار قەناعەتی خۆی دەربارەی وتووێژكردن لەســـەر پرســـە سیاســـییەكان دەبەستێتەوە بە وتەبێژی كۆشكی(چانكایا) سەرۆك كۆماری توركیاو ماڵپەڕی كۆشكی سپی.

چاندار دەنووسێت ئێمە دەتوانین چەند شتێك بزانین:

١- ئەمەریكا لەگەڵ چارەسەری سیاسییانەی پرسی كوردە.

٢- لەم چوارچێوەیەدا لەبەر هەندێك هۆكاری ســـتراتیژی پێویستە توركیا لەگەڵ ســـەرۆكایەتی كوردان لە عێراق دیالۆگ ڕێكبخات و هاوكاریان بكات.

٣- ئەمەریكا ئەم تێڕوانینانەی خۆی ڕادەگەیەنێتە توركیا بەڵام ئەو وەكو مەرجێك سەیری ناكات.

چاندار لەسەر هەڵوێستی ئەردۆگان و حكومەتی AKP ڕاوەستاو دەستنیشانیكرد ئەردۆگان لە خاڵەكانی ساڵی ٢٠٠٥ زۆر دواكەوتووانەتر سیاســـەت دەكات. چاندار بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت: من خۆم لەنێو بەرەی(ئۆپێمیستەكان)دام، دەست لەوە بەردەن حكومەت خۆی خاوەنی چارەسەرییەكی فراوان بێت، من لە حكومەتدا نابینم لەنێو ئامادەكاری جیددیدا بێت، ســـەرباری ئەمەش ئـــەردۆگان بە گوێرەی بەڵێنەكانی ساڵی ٢٠٠٥ زۆر بەرەو دواوە گەڕاوەتەوەو پاشەكشێی كردووە.

هەروا چاندار ڕەخنە لە سیاسەتی ئەم دوایییەی حكومەت دەگرێت و دەنووســـێت: تا ئەوكاتەی پرســـی كورد وەكو پرسی ناسنامە سەیر نەكرێت، بەگوێرەی ئەم ڕاستییە یاساكان هەموار نەكرێت ئێمە ناتوانین باس لە چارەسەرییەكی فراوان بكەین بۆ ئەوەی ئەمە ئەنجامگیر بێت، پێویستیمان بە ستراتیژێكی ڕوون و ئاشكرا هەیە، ئەمەش پێویستی بە بڕیارێكی سیاسی ئازایانە هەیە.



د. دێنیس ناتاڵی پسپۆر لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# ئەمریکا بۆی دەرکەوت بە مۆڵەتنامەکەی بۆ سوپای تورکیا تەنیا دۆستەکانی لێک زویر کرد

**د. دێنیس ناتاڵی، پسپۆر لەزانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرەچەڵەك خەڵکی ویلایەتی نیوجێرسی ئەمریکایە و ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ لەپاریس ژیانی بەسەربردووە. ساڵی ١٩٨٩-١٩٩١ لەسەر سنووری پاکستان و ئەفغانستان لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ئەمریکا هاوکاری مرۆیی پێشکەشی پەناهەندەکانی ئەفغانستان کردووە. بۆ یەکمجار لەساڵی ١٩٩١ لەڕێی تەلەڤزیۆنەوە بەکورد ئاشنا بووە و دواتر لەبارەی کوردەوە زانیاری زیاتر کۆدەکاتەوە، لەساڵی ١٩٩٢ بڕیاردەدات بۆ یارمەتیدانی کورد سەردانی کوردستان بکات لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان. لەمایسی ١٩٩٢ لەگەڵ هەریەك لەبەڕێزان سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی دیداری ئەنجامداوە.**

**خاتوو دێنیس ناتاڵی پێیوایە هەرێمی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ ١٦ ساڵ لەمەوبەر گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و خۆی بەشاهێدحاڵی ئاڵوگۆڕە خێراکانی کوردستان دەزانێت. ناوبراو تائێستا ٢ کتێبیشی لەبارەی کێشەی کورد نووسیوە:**

**-١ کتێبی "کورد نەتەوەی بێ دەوڵەت".**

**-٢ کتێبی "نیمچە دەوڵەتی کورد" کە ئێستا لەژێر چاپدایە.**

**خانمی ناتاڵی لەدیدارێکدا ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییەی ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەی لەگەڵ گوڵان تاوتوێکرد و ڕووناکی خستە سەر ئاکامی سەردانە دیپلۆماسییەکەی هەریەك لەعەبدوڵلا گول بۆ واشنتۆن و جۆرج بوش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین.**

*** لەم مانگەدا دوو سەردانی دیپلۆماسی لەڕۆژەڤی تورکیا و جیهاندایە، سەردانی گول بۆ ئەمریکا و سەردانی بوش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین.. عەبدوڵلا گول سەرکۆماری تورکیا لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ واشنتۆن ئاماژەی بەوەکرد کە زاڵبوونی دەسەڵاتی کوردی بەسەر کەرکوك بۆ تورکیا هێڵی سوورە و ئەنقەرە بەهیچ شێوەیەك دەست لەمەسەلەی کەرکوك هەڵناگرێت. ئێوە چی لەئاکامی سەردانەکەی گول بۆ واشنتۆن دەخوێننەوە؟**

سەردانەکەی گول بۆ ئەمریکا، دوای سەردانە ستراتیژییەکەی ئەردۆگان دێت بۆ کۆشکی سپی کە توانی مۆڵەتی ئەمریکا بەدەستبهێنێ بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هەوایی لەدژی چەکدارانی پەکەکە، کە دواتر سەرجەم هەوڵەکانی تورکیا ناکام دەرچوون لەو ئۆپەراسیۆنانە و تەنها خەڵکانی مەدەنی و بێتاوان بوونە قوربانی ئەو سیاسەتە. پێموایە واشنتۆن گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە چارەسەری سەربازی ناتوانێ ببێتە ئاڵتەرناتیڤی کێشە و ئاڵۆزییەکان. لەبەرئەوەی ئەو کێشانە لەبنەڕەتەوە ڕەهەندی سیاسی قوڵیان هەیە و پێویستی بەڕێبازی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیانە هەیە. لەبەرئەوە واشنتۆن و ئەنقەرە باش دەزانن کە دەوڵەتی تورکیا چیتر تەحەمولی ئەو گێژاوە ناکات کە چەند ساڵێکە تێیدا دەژی، چونکە ڕەنگە ئەو گێژاوە دەرەنجامی زۆر ترسناکی لێبکەوێتەوە و بۆ هەردوولا ببێتە کابوس کە ڕەنگە سەرجەم هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین سەروبن بکاتەوە. چونکە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سیاسی نێودەوڵەتییە و کێشەی ٤٠ ملیۆن ئینسانە لەڕۆژهەڵاتی ناوین کە لەهەموو مافێکی سیاسیی و کولتووری بێبەشکراون، بۆیە چیتر ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاش ناتوانن لەئاست ئەو مەسەلەیە چاو دابخەن.

من لەو باوەڕەدام ئەگەر پرسی کورد لەتورکیا بەرەو چارەسەری سیاسیی بڕوات ئەوا زۆر شت لەهەرێمی کوردستان گۆڕانیان بەسەردا دێت و لەسەرووی هەموویانەوە بەقازانجی هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە.

*** ئەی سەردانی ئەمجارەی سەرۆك بوش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین چۆن دەبینی؟**

- ئەم سەردانە مەغزاکەی جیاوازترە لەجاران. ئەمجارە بوش پێش کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی خۆی دەخوازێ پرۆسەی ئاشتەوایی لەڕۆژهەڵاتی ناوین ئەنجامگیر ببێت بۆئەوەی لەکۆتایی ئەمساڵ ٢ دەوڵەتی ئیسرائیلی و فەڵەستینی دروست بێت و بەئاشتی و تەبایی لەتەك یەکتری وەکو دوو دراوسێ بژین.

ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چیتر ناتوانێ لەئاست زوڵمی نەتەوەکانی سەردەست بەرامبەر نەتەوە بێ دەوڵەتەکان تەماشاکەر بێت. ئەمرۆ مەسەلەی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە، مەسەلەی فەڵەستین و حزبوڵلا هەیە. چیتر ناکرێ ئەو مەسەلانەی ئەمریکا حەزیان لێناکات پێیان بگوترێ تیرۆریست. بۆیە دەبێ هەموو کێشەکان لەڕێی میتۆدی ئاشتی و دیموکراتییەوە چارەسەر بکرێن.

بەدیدی من چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین بۆ بۆ عێراق و کوردستان زۆر گرنگە. کوردەکان دەتوانن بڵێن دوای سێ دەیەیە کێشەی فەڵەستین

چارەسەر بووە، ئەمجارە نۆرەی ئێمەیە، بەتایبەتی بۆ کوردەکانی تورکیا و پارچەکانی دیکە گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هەروەها بۆ بنکۆڵکردنی مەسەلەی تیرۆریزم لەرۆژهەلاتی ناوین.

*** لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێ بارگرژییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان قوڵتربوونەوە و تورکیا بەتۆپ و ڕۆکێت وەڵامی داخوازییەکانی کوردانی دایەوە، چ سەرنجێکت لەو بارەیەوە هەیە؟**

- تۆپبارانی تورکیا بۆ ناوچەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان شتێکی تازە نییە. بۆ یەکەمجار کاتێك لەساڵی ١٩٩٢ هاتمە کوردستان بینیم تورکیا ناوچەکانی کوردستانی بەسەختی لەدژی چەکدارانی پەکەکە بۆردومانکردووە، کە ئاسەوارێکی سلبی لەسەر ئابووری کوردستان و وێرانکردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان بەجێهێشت. من پێموایە پەکەکە بەهانەیەکە لەدژی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان لەگەشەسەندنێکی سیاسیی و ئابووری و کولتووری بەردەوامدایە، کە بەداخەوە تورکیا لەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان قەڵس و نیگەرانە و بەمەترسییەکی دادەنێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکەی، کە من پێموایە ئەو ترس و نیگەرانییەی تورکیا هیچ کاتێك لەجێگای خۆیدا نییە. لەبەرئەوە گەورەترین گرفتی تورکیا ئەوەیە کە لەسۆنگەیەکی ئەمنی و سەقامگیرییەوە وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی وڵات دەڕوانێتە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، نەك لەڕوانگەی پێوەندی دراوسێیەتی باش و جموجۆڵی ئابووری و بازرگانییەوە. بۆیە هەتاکو تورکیا ئەو زهنییەتەی خۆی نەگۆڕێت و ڕاستییەکانی هەرێمی کوردستان نەبینێت و تویژ و دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستان نەکات ئەوا مومکین نییە ئاڵۆزییەکان خاو ببنەوە.

لەڕاستیدا من هیچ مانایەك بەو وەهم و بەدگومانییەی تورکیا پەیوەست بەکوردەکانەوە نابەخشم و هیچ کاتێك ئەو دڵەڕاوکێیانەی تورکیا سەبارەت بەهەرێمی کوردستان لەجێی خۆیدا نابینم، چونکە هەرێمی کوردستان هەمیشە دەرگاکانی گفتوگۆی بەواڵایی هێشتۆتەوە و بەردەوام دەستی دۆستایەتی بۆ تورکیا درێژکردووە. بەڵام هێزە شاراوەکانی دەوڵەتی تورکیا ناهێڵن نزیکایەتی دیموکراتیانە و دیالۆگی بونیاتنەرانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست بێت و پێوەندی و دانوستانەکان کەناڵیزە ببن.

*** وەکو هێمات بۆ کرد، ئەو هێرشە ئاسمانییانە لەژێر چاودێری لۆجستی و ئیستیخباراتی ئەمریکاوە بووە، ئێوە هەڵوێستی ئەمریکا لەبارەی ئەو موداخەلە سەربازییە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئەمریکا لەڕابردوودا ٢ جار پشتی لەکورد کردووە، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کوردان هەبووە بەڵام خیانەتی لێکردوون. لەبەرئەوەی لۆژیکی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوین لۆژیکێکی پراگماتیکیانەیە، نەك لەسەر بنەمای ویژدان و ئەخلاقی سیاسیی. کاتێك ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣ هاتە عێراق بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی هات نەك بۆ خاتری کوردان. هەندێ کەس لەئەمریکا پێیانوایە ئەمریکا نابێ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ تورکیا بکاتە قوربانی کوردان. بەڵام من دەڵێم پەیوەندی لەگەڵ هەردووکیان گرنگە.

ئێستا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەئەمریکا بەڕێوە دەچێ. گرنگترین مەسەلە لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکا مەسەلەی ئابووری و مەسەلەی عێراقە، کە زۆر لایەن لەئەمریکا دەخوازن مەسەلەی عێراق لەئەمریکا کۆتایی پێ بێت بۆئەوەی سەرمایەگوزاری ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوین بەگەڕبخرێت و دەست بەجموجۆڵی بازرگانی بکرێت لەو هەرێمە. بۆیە وردە وردە ژمارەی سەربازەکانی ئەمریکا لەعێراق کەم دەکرێتەوە و چاوەڕێ دەکرێ لەکۆتایی ساڵای ٢٠٠٨ ژمارەی سەربازانی ئەمریکا لەعێراق بۆ ١٣٠ هەزار سەرباز کەم بکرێتەوە.

*** بەبۆچوونی تۆ تورکیا چ ئامانجێکی لەو هێرشە سەربازییانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- ئامانجی تورکیا پاوانخوازییە. تورکیا دەیەوێ هەرێمی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بمێنێتەوە و کەرکوك نەکەوێتە ژێر رکێفی کوردانەوە. بەتێڕوانینی من ئامانجی تورکیا لەو هێرشانە هەمان ئامانجی کۆلۆنیاڵیزمی بەریتانیا بوو کاتێك لەساڵی ١٩١٨ عێراقی داگیرکرد. تورکیا زۆر ئامانجی دیکەی لەم ئۆپەراسیۆنە هەواییە هەبوو، لەسەرووی هەموویانەوە چاوترساندنی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بوو، لەکاتێکدا بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبەغدا سەرگەرمی تاوتوێکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی وەك ماددەی ١٤٠ ی دەستوور و قانوونی نەوت و گاز و مەسەلەی مانەوەی هێزەی پێشمەرگەی بوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ناوەندی. بۆیە تورکیا لەڕێی ئەو ئۆپەراسیۆنانەوە پەیامێکی هەڕەشەئامێزی دایە بەرپرسانی کورد کە ئەنقەرە چیتر لەئاست جموجۆڵ و پێشکەوتنەکانی هەولێر بێدەنگ نابێت. بەڵام ئێستا ئەمریکا بۆی دەرکەوتووە کە لەو هەنگاوەیدا هەڵەی کردووە، بەتایبەتی دوای گوشارهێنانی بەرپرسانی کورد بۆ واشنتۆن. بۆیە ئەمریکا بۆی دەرکەوت دۆستەکانی خۆی لێك زویر کرد.

*** پێتوایە هێزە شاراوەکانی دەوڵەت کێن؟**

- ئەو هێزانەی کە لەنێو دەوڵەتی تورکیا لەپشت پەرەوە ئیدارەی کار دەکەن و دەخوازن ڕێڕەوی ڕاستەقینەی دەوڵەت بگۆڕن و سەرکێشی شەڕ و ئاشووب دەکەن. لەبەرئەوەی هیچ کاتێك بەرژەوەندی ئەو هێزانە لەهاتنەکایەی سەقامگیری و پێشکەوتنەکاندا نییە، بەڵکو بەرژەوەندییەکانیان لەمانەوەی ئاڵۆزی و پشێویدا مسۆگەر دەبێت. ئەو هێزانە نایانەوێ تورکیا بچێتە نێو دەروازەی ئەوروپا و گرفتەکانی لەگەڵ کوردەکان و تورکە قوبرسییەکان و وڵاتانی دراوسێ بەکۆتا بێت و پرۆسەی ڕیفۆرمسازیی ئەنجامگیر ببێت.


هێزی شاراوەی دەوڵەت نایانەوێ سوپای تورکیا لەبن پەرسپێکتیف و فەرمایشتەکانی حکوومەتی مەدەنی هەڵسوکەوت بکات. بۆیە تورکیایەکی دیموکراتیك هیچ کاتێك لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە و پێگە و هەژموونی ئەوان لەژیانی سیاسیی وڵات تەنگ دەکات.

***دوا پرسیارم لەسەر دواخستنی ڕیفراندۆمی کەرکەووکە. وەك دەزانرێ ڕیفراندۆمی کەرکووك بۆ ماوەی ٦ مانگی دیکە درێژ کرایەوە، بەمەش خەڵکی کوردستان دڵگران و مەئیوس بوونە لەوەی ئیدی کەرکووك بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لەم سۆنگەیەوە پێتوایە ئەرکی سیاسەتی کورد لەبەرامبەر دۆسیی کوردستانیبوونی کەرکووك چی دەبێت؟**

- پێش هەموو شتێك دەبێت سیاسەتی کوردی لەئاست مەسەلەی کەرکووك دوور بێت لەئەقڵییەتی قۆرخخوازیی و تاکڕەویی، بەڵکو دەبێ بەرۆحێکی دیموکراتی و پلۆرالیانە نزیکی ئەو مەسەلەیە ببێتەوە و بەرنامەیەکی دیموکراتیانەی هەبێت بۆ هەموو نەتەوەکانی ئەو شارە. لەبەرئەوەی ئەو مەسەلەیە لەڕێی توندوتیژیی و دەمارگیرییەوە چارەسەر ناکرێت، کە خۆشبەختانە تائێستا کورد خۆی لەو سیاسەتە دوورخستۆتەوە. بۆیە ڕەوشی کەرکووك ئێستا زۆر هەستیارە و دەتوانێ وەك بۆمبا بتەقێتەوە. لەبەرئەوە دەبێ کورد جارێ ناسیۆنالیزمەکە هەڵگرێ بۆ دوایی. بەبڕوای من دەبێ سەرکردایەتی کوردی دەستپێشخەرییەکی وا بکات کە تورکیاش لەمەسەلەی کەرکووکدا ببێتە خاوەن ڕۆڵ، بەڵام چۆن؟ دەبێ سیاسەتی کوردی هەوڵبدات کۆمپانیاکانی تورکیا لەئاوەدانکردنەوەی کەرکووك و گرێبەندەکان بەشداری پێبکات، چونکە لەسەردەمی ئەمڕۆدا ئابووری ڕۆڵێکی دینامیکی دەگێڕێت لەخاوکردنەوەی گرژییەکان. بۆیە دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان نابێت بڵێن: " کەرکووك تەنها بۆ ئێمەیە و تەواو..". پێموایە ئەو لۆژیکە خزمەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکووك ناکات، لەبەرئەوە دەبێت لەلایەنی ئابوورییەوە تەوافق ( )ێك هەبێت کە هەموو نەتەوەکانی کەرکووك بەشداربن و هیچ لایەك وا هەست نەکات کە زەرەرمەند بووە.


هەروەها نابێت ئێمە ئەو ڕاستییەش لەبیر بکەین کە دەوڵەتی تورکیا دەروازەیەکی ستراتیژی گرنگە بۆ کوردستان، کە هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بەجیهانی ڕۆژئاوا. من سەرنج دەدەم هەرێمی کوردستان زۆربەی کەلوپەلە ئابوورییەکانی لەوڵاتی تورکیا بۆ دێت. سەیری سوپەرمارکێتەکان دەکەیت لێوانلێوە لەکەلوپەلی تورکی، بۆیە جارێ ماوەیەتی ستاتوی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت.

پێموایە کورد تەنها لەڕێبازارێکی ئازاد و سەرمایەگوزاریی و مەسەلەی گرێبەندەکانی نەوت و گاز دەتوانن سەربەخۆیی ئابووری دروست بکەن. سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمی دەسەڵاتی ئابوورییە، بۆ ئەو سەردەمە دەسەڵاتی ئابووری زۆر لەدەسەڵاتی سیاسیی و سەربازی گرنگترە.



### گوڵان لە بەدواداچوونی ستوونێکی واشنتۆن پۆستدا:

# پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی حکوومەتی مالیکی پێویستە، بەڵام تا ئێستا کورد بڕیاری نەداوە ئەو حکوومەتە بگۆڕێت



ڕۆژنامەنووســی بەناوبانگی جیهانی داڤید ئیگناتۆس ئەو ســتوون نووسە بەناوبانگەی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستە کە هەفتانە دوو جار ســتوونی خۆی بڵاودەکاتەوەو ستوونەکانیشی لەسەر ئاستی ڕووداوە گەرمەکانی جیهان لەلایەن سیاســەتمەدار و ســەرۆك دەوڵەتەکانەوە حسابی لەسەر دەکرێت.

ئیگناتوس لەساڵی ١٩٩٩ەوە لە لاپەڕەی Op-ed واشنتۆن پۆست بۆچوونەکانی بڵاودەکرێتەوەو نووسینەکانیشــی تایبەتن بە سیاسەتی جیهانــی و ئابووری و کاروباری نێودەوڵەتــی و هەروەها یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە سەرەکییەکانی ئینتەرناشناڵ هیرالد تریبۆنیش.

پێــش ئەوەی ئیگناتۆس بێتە ستوونووســێکی جیهانیش پەیامنێری هەواڵــەکان بووەو لە شــەڕی ڕزگارکردنی کوێتدا لە ســاڵی ١٩٩١ خەڵاتی پۆلیتزری وەرگرتووە.

پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ واشنتۆن پۆست، ڕۆژنامەنووس ئیگناتوس ماوەی ١٠ ســاڵ لە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ کاریکردووە و هەواڵەکانی ئەنجومەنی سەنات و دادگای باڵای ئەمەریکی و CIA بۆ وۆڵ ستریت جۆرناڵ گواستۆتەوە.

داڤید ئیگناتۆس یەکێکە لەو نووســەرانەی واشــنتۆن پۆســت کە گرێبەستی لەگەڵ ڕۆژنامەی " الشرق الاوسط " ڕۆژێك پاش ئەوەی ستوونەکەی لە واشنتۆن پۆست بڵاودەکرێتەوە لە "الشرق الاوسط "یش بە زمانی عەرەبی بڵاودەکرێتەوە.

لە ڕۆژی ٩-١-٢٠٠٨ داڤید ئیگناتۆس ســتوونێکی بەناوونیشــانی "A surge aginsf maliki" لە واشــنتۆن پۆست بڵاوکردەوە ئەم ناوونیشــانەش واتە هەوڵەکانی دژی مالیکــی لە زیادبووندان، هەمان ستوونی بەناوونیشانی "ئەمەریکا بۆ مالیکی: ناکرێت بە تەنیا حوکمڕانی بکەیت" بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" هەیە یش لە ڕۆژی ١٠-١-٢٠٠٨ بڵاوکرایەوە.

لەم ستوونەدا کە گوڵان بە پێویستی زانی بۆ خوێنەرانی دەقەکەی بە کوردی بڵاوبکاتەوە، ئیگناتۆس ئاماژە بەوە دەکات ئەو هەوڵانە زیاتر لەلایەن کوردەوە دەدرێــن لەبەر ئەوەی د.مالیکی لە هاوینی ڕابردوو کۆمەڵێك بەڵێنی بە کورد داوە وەك:

-١پەسەند کردنی یاسای نەوت بەڵام پەسەند نەکرا.

-١یاســای دەســەڵاتی هەرێمەکان دەخاتە بواری جێبەجێکردن بەڵام نەیکرد.

-٢بەڵێنــی دابوو ماددەی ١٤٠ی دەســتوور جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەویش دواخرا.

ئەوانە هەمووی هاوکاتن لەگەڵ هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان "کە بێگومان لەمەشدا حکوومەتی مالیکی هەڵوێستی وەك پێویست نەبوو".

گــوڵان کە زۆر لە نزیکەوە بایەخ بە دۆســیەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و گۆڕانکارییەکانی عێراق دەدات و، ڕاســتەوخۆ پەیوەندی بەردەوام بە پسپۆڕان و سیاســەتمەدارانی عێراقی و کوردستانی لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەیە و لە ژمارەی ڕابردووشدا ڕاپۆرتێکی هەبووەبە ناوونیشانی "ئەگــەر مالیکی نەتوانێــت گۆڕانکاری بــکات، حکوومەتەکەی ڕووبەڕووی گۆڕین دەبێتەوە" واتە هەتا ئێســتا سەرکردایەتی سیاسی کوردســتان و لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەو ئاستە لە حکوومەتی مالیکی نائومێــد نەبوون کە پەنا بۆ گۆڕینی حکوومەتەکەی بەرن، ئەمەش لەبەر ئەوەی لیســتی هاوپەیمانی کوردســتان کە بەشداری حکوومەتی کردووە لەگەڵ لیســتی هاوبەندی شــیعە، ڕێککەوتنێك ئیمزا کراوە و لــەو ڕێکەوتننامەیەدا هاتــووە هەرکاتێك کورد یاخود لیســتی هاوپەیمانی کوردســتان لە پێکهاتەی حکوومەت کشایەوە، ئــەوا بەپێی ئــەو ڕێکەوتنــە حکوومەتەکەی مالیکــی متمانەی لێوەردەگیرێتەوە. کەوایە کورد پێویســتی بەوەنییە گوشار کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی مالیکی بگۆڕێ، بە پێچەوانەوە ئەگەر مالیکی نکۆڵی لە ویست و داواکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لیستی هاوپەیمانی کوردســتان بکات، بێگومان گەرانەوە بۆدەستوور هەیە و ئەو دەســەڵاتانەی بەپێی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، ئەگەر جیاوازیش لەســەر تەفســیری ماددە دەستوورییەکەش هەبێت، ئــەوا دادگای باڵای فیدراڵ هەیە و کێشــەکە ڕووبەڕووی دادگای باڵا دەکرێتەوەو ئەو دادگایە بڕیار دەدات تەفســیری کام لا بۆ ماددە دەستوورییەکە ڕاستە.

هێشــتا کورد و لیستی هاوپەیمانی کوردســتان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی هەست بە بنبەست و نائومێدی بکەن، بەڵام کە کار گەیشتە ئەوەی هەموو دەرگاکان داخران، ئەوا پێش هەموو شت حکوومەتەکەی مالیکی ســیمای حکوومەتێکی فیدراڵی و فرەیی لە دەســت خۆی دەدات و بە ئەمری واقیع بێ متمانە دەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم باسە، گوڵان بە پێویستی زانی ڕاستەوخۆ ئەم مەسەلەیە لەگەڵ نووسەری ستوونەکەی واشنتۆن پۆست بەڕێز داڤید ئیگناتۆس وتوێژ بکات و بەو جۆرەش ڕێککەوتین کە هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو وتوێژە لە گوڵان لە هەمانکاتدا دەقی ســتوونەکەی واشنتۆن پۆســتیش بڵاوبکەینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی موناقەشــەکەی گوڵان لەسەر نووســینەکەی ئیگناتوسە کە ڕۆژی ٩-١-٢٠٠٨ لە واشنتۆن پۆست بڵاوی کردۆتەوە، هەربۆیە پێش ئەوەی ئەو وتوێژەکە بڵاوبکەینەوە دەقی ستوونەکەی واشنتۆن پۆست بڵاودەکەینەوە و پاش ستوونەکە دەقی وتوێژەکەش بڵاودەکەینەوە.

# دەقی ستوونەی کە داڤید ئیگناتۆس کە رۆژی ٢٠٠٨/١/٩لە واشنتۆن پۆست بڵاویکردۆتەوە



## واشنتۆن بۆ مالیکی: ناکرێت بە تەنیا حوکمڕانی بکەیت

**داڤید ئیگناتۆس**

لە بەغدا گرووپێکی نوێ کار بۆ لابردنی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات، گەرچی واشــنتۆن ئامۆژگاری داوە بە وەی حکوومـــەت نەگۆڕدرێت، لەمبارەیەوە بەرپرســێکی بەرزی ئەمەریکی لە بەغداوە پێی وایە ئەمە دواســاتەکانی (شــکاندن و دارِمــان)ی حکوومەتــی مالیکییە. فشــار و پاڵەپەستۆ نوێیەکان دژ بە مالیکی لە سەرکردە کوردەکانەوەیە، کــە لە کۆتاییەکانی مانگی رابردوو یاداشــتێکیان ئاراســتە کرد، بەرپرســێکی باڵای کوردی گوتی "نامەکە روون و شــەفاف بوو کە کوردەکان نا متمانەیــی و دڵەراوکێیەکیان بەرامبەر ئاراســتەی سیاسەتەکانی بەغدا هەیە" بگرە ئەو یاداشتنامەیە کە لە رێکەوتی ٢١ی دیسەمبەرەوە ئاراســتەی مالیکی کراوە توانایەکی راســتگۆیە لەلایەن حزبە کوردییەکانەوە بۆ هــاوکاری و یارمەتی جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی ناو حکوومەت.

کوردەکان بەرامبەر مالیکی دڵگرانن، چونکە بەڵێنەکانی هاوینی رابردووی جێبەجێ نەکردووە:

ئەوکات بەڵێنی دا (مەبەســتی مالکییە) کە حکومەت یاســای نەوت هەموار دەکات و یاسای دەسەڵاتی هەرێمەکانیش دەکاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بگرە لەوە زیاتر کاتێك پێی راگەیاندین کە راپرسییەك لەسەر ئایندەی کەرکوك ئەنجام دەدات.

هیــچ کام لەم بەڵێنانە جێبەجێ نەکران، بۆیە کوردەکان نارِازین و تورِەن لە مالیکی.

مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکەمین و بەهێزترین دەنگەکانــی دژ بە مالیکی و وروژاندنی نارەزایەتییەکانە، بارزانی دوای وتوویژکردن و قســەکردنێکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆك بوشدا کە لە هاوینی رابردوو سازدرا پشتگیری مالیکی کرد، بەڵام ئێستاکە بارودۆخەکە گۆڕدراوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هێرشــەکانی تورکیا کە لەمانگی رابردووە دەســتی پێکردووە و دواخســتنی مەسەلەی کەرکوکیش ئەوەندەی تری بارودۆخەکە ئاڵۆزتر کردوە، ئێستا بارزانی بەرەو شــەر دەرِوات، لە دوای سەری ســاڵی تازەوە ریان کرۆکەری باڵیــۆزی ئەمەریــکا چاویکەوت بــە هەردوو بەرِێــزان بارزانی و جەلال تاڵەبانی ســەرۆکی عێراق، لە لێدوانێکیشدا کرۆکەر ئاماژەی بە نامەکەی کرد کە ئاراســتەی کوردەکانــی کردبوو کە بریتی بوو لە "پێویســتە هەموان هێــز و تواناکان بخەنەگەرِ بــۆ کاراکردن و بەهێزکردنــی حکوومــەت نەك بۆ گۆڕینــی حکوومەت" گەرچی ئەمەریکییەکان ئامۆژگاری دەدەن بــۆ نەگۆڕینی مالیکی، بەڵام لەوەدا هاوکۆکن کە دەبێت مالیکی حوکمڕانی بەشــێوەیەکی باشتر و کاراتر بکات، بەتایبەتی لە چەنــد مانگی داهاتوودا، بەپێچەوانەوە دووچاری دارِمان دەبێت، چونکە لەلای کورد و سوننە و شیعەکانیش وا دەرکەوتووەکە مالیکی لە حوکمڕانی خۆیدا ســەرکەوتوو نییەو ئەو کاروکردەوانە جێبەجێ ناکات کە پێویستە ئەنجام بدرێت.

هێــزە دژایەتی کارەکانی مالیکی ئۆمێــدی گۆڕینی مالیکیان هەیە بە عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆکی عێراق و سەرکردەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیســلامی کە عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکایەتی دەکات و لایەنگرانــی عەبدولمەهدی،پێیــان وایە ئــەوان دەتوانن لە پەرلەمــان پتر لە ١٣٨ دەنگ بەدەســت بێنن بۆ وەرگرتنی متمانە، ئەمەش بە پشت بەستن بە دەنگەکانی کورد کە ٥٣ دەنگە و سوننەکان ٥٥ دەنگ و ٣٠ دەنگی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، ئەمە جگە لە ٤٠ دەنگی دیکەی لایەنگرانی ئەیاد عەلاوی و ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق .

بەمشــێوەیە دەتوانن دوو لەسەر سێی دەنگەکان بەدەست بهێنن کە بۆ دامەزراندنی حکوومەت پێویســتە، بەڵام ئاستەنگی سەرەکی بۆ لابردنی مالیکی ئایەتوڵڵا سیستانی سەرۆکی شیعەکانە، کە لەیەك کاتدا هــەم نائومێدە لە توانای مالیکــی، هەمیش پێیوایە لابردنی مالیکی دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوپەیمانێتی شیعەکان.

لەمبارەیەوە بەرپرســێکی بەرزی ئەمەریکی گوتی " سیســتانی تاکو ئێستا لەگەڵ گۆڕینی هیچ حکوومەتێك دا نەبووە، بەمشێوەیە ئیدارەی بووش هاوکۆکە لەگــەڵ نائومێدییەکان بەرامبەر مالیکی، بەڵام لەوە دەترسن گۆڕینی حکوومەت ببێتە هۆکارێك بۆ دواخستن و پەککەوتنی توانا سیاســییەکان لە بەغدا، کە ئێستاکە پشێوی پێوە دیارە، بۆیە لە بــری ئەوەی مالیکی بگۆڕدرێت ئیدارەی ئەمەریکا ئومێدی هەیە لە رێــگای هاوپەیمانییەکی (٣+١) کار بکات، کە جگە لەمالیکی سەرۆك کۆماری عێراق و هەردوو جێگرەکەی عادل عەبدولمەهدی و تاریق هاشــمی لەخۆ دەگرێت، بەرپرسێکی بەرزی دیکەی ئەمەریکی دەڵێت: یاداشتەکەی ئەمەریکا بۆ مالیکی ئەوەیە "بەتەنیا ناتوانێ حوکمڕانی عێراق بکەیت" بەڵکو پێویستە وەکو بەشێك لە ناو کۆمەڵێك دا حوکمڕانی بکەیت، بەپاڵپشتی ئەم هاوپەیمانێتییە نوێیە کرۆکەر ئومێدی وایە پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر یاسایەکی نوێ بدات لەبری یاســا کۆنەکەی پەیوەندار بە ریشەکێشــکردنی بەعس، بگرە لەناوەڕاســتی ئەم مانگەشــدا وردەکارییەکانی بودجە کۆتایی پێبێت، ئەمەش بە ئومێدی ئەوەی ئەم هەنگاوانە ببێتە هۆی باشکردنی بارودۆخە سیاسییەکە.

ســەبارەت بــە ئەمەریکا کە لە عێــراق دا کەوتۆتە ناو قەیرانی گێژەڵۆکێکــی سیاســییەوە، ئەوا گۆڕانکاری بــەم نزیکانە ئەنجام نادرێت، ئەوەی لە ماوەی چەنــد هەفتەی داهاتوودا لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا روو دەدات، ئاراستەی رووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ئەم ســاڵ دەردەخات، دوای ئەوەی مالیکی لەگەشتەکەی دا لە لە لەندەن گەڕایەوە و ماوەیەك ســەرقاڵی باری تەندروستی بوو، کاتەکە کاتی "سەرکەوتن و شکستە".


David Ignatius
A Surge Against Maliki

## دەقی وتووێژی گوڵان لەگەڵ ڕۆژنامەنووس داڤید ئیگناتۆس سەبارەت بەو ستوونەی کە ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٩ لە واشنتۆن پۆست بڵاویکردۆتەوە




### داڤید ئیگناتۆس بۆ گوڵان:

# لە هەفتەکانی داهاتوودا یان ئەوەتا مالیکی دەرفەت بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری دەدات یان ڕووبەڕووی تەحدی گەورە دەبێتەوە

■ ئەم وتووێژەی نێوان گوڵان و بەڕێز داڤید ئیگناتۆس هەنگاوێکی دیکەی هەوڵەکانی گوڵانە بۆ زیاتر ئاشناکردنی ئەو خوێنەرانەی بە بیروبۆچوونی ئەو ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕانەی کە لەسەر کێشەی عێراق کاردەکەن، هەروەها هەوڵدانیشە بۆ ئاڵوێری بیروبۆچوونەکان لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە چ وەك ڕۆژنامەنووس یان چ وەك پسپۆڕو تایبەتمەند بایەخ بەکێشەی عێراق و کوردستان دەدەن. بۆ ئەم حاڵەتە کە بە پێویستی دەزانین ئەو پەیوەندییە بە بەردەوامی هەبێت ..سوپاسی ڕۆژنامەنووس داڤید ئیگناتۆس دەکەین کە پاش ئەوەی تێبینییەکانی خۆمان لەسەر ستوونەکەی بۆ نارد و داوامان لێکرد ئێمە وەك گۆڤارێك کە لەنزیکەوە بایەخ بەم پرسە دەدەین و حەز دەکەین لەسەر ئەم باسە گرنگە وتووێژ بکەین . بە سوپاسەوە پاش تەنها ٢٤ کاتژمێر ئامادەباشی خۆی پیشاندا و ئەمەش ئەو وتووێژەیە کە گوڵان لەگەڵ ئیگناتۆس ئەنجامیداوە.■

*** سەرەتا حەزدەکەین دەربارەی دوا ستوونی بەڕێزتان قسە بکەین کە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١/٩ لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بە ناونیشانی هەڵکشانی بەرهەڵستی دژی مالیکی بڵاوتان کردۆتەوە، ئێمە ئاگادارین ناڕازیبوونێکی زۆر بەرامبەر بە حکوومەتی د.مالیکی هەیە و هەموو لایەکیش لە عێراقدا پێشبینی ئەوە دەکەن کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە حکوومەتی مالیکی بێتە ئاراوە، بەڵام نەك ئەوەی خودی حکوومەتەکەی مالیکی ڕووبەڕووی گۆڕان ببێتەوە، هەربۆیە حەزدەکەین بپرسین ئایا هەوڵەکانی گۆڕینی حکوومەتەکەی مالیکی کە لە ستوونەکەدا باسی دەکەیت پشت بە چ بنچینە و بناغەیەك دەبەستێت؟**

- ئەوەی من لەو ستوونەدا باسم کردووە ئەوەیە کە سەرکردە کوردەکان لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٤ی کانوونی یەکەمدا نامەیەکیان بۆ سەرۆك وەزیران نوری مالیکی نووسیوە لەو نامەیەدا داوای ئەنجامدانی گۆڕانکاری گرنگ و گەورە دەکەن لە چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکاندا. ئەوەی من تێگەیشتبێتم کوردەکان دوا ئاگاداریان بە مالیکی داوە و زۆر نائومێدن لە ئەدای حکوومەتەکەی. کەواتە یا ئەوەتا مالیکی ئەو گۆڕانکاریانە ئەنجام دەدات یا کوردەکان لە پەرلەماندا هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگ دەدەن لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا بۆ

ئەوەی متمانە لە حکوومەتەکەی بکێشنەوە.

## رزگاربوونی حکوومەتەکەی مالیکی زیاتر پەیوەستە بە فشارەکانی ئەمەریکا نەک بە بەڵێندانی مالیکی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان

*** بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین لای کورد گۆڕینی حکوومەتەکەی مالیکی کارێکی هێندە سەخت و دژوار نییە، لەبەر ئەوەی لیستی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا دووەم گەورەترین کوتلەی ناو پەرلەمانن و پێشتریش (واتە پێش پێکهێنانی حکوومەتی د.مالیکی) ڕێککەوتنیان لەگەڵ لایەنی شیعەدا ئیمزاکردووە، واتە گەر کوردەکان بڕیاری کشانەوە بدەن لە حکوومەتەکەی مالیکی ئەوا ڕەنگە ئەو حکوومەتە رووبەڕووی رووخان ببێتەوە. بەڵام کورد تا ئێستا رای نەگەیاندووە پەنا بۆ ڕێگاچارەی کشانەوە ببەن. پێتوایە مالیکی هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردەکان بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی لە مەترسی رووخان بپارێزێت؟**

- مانەوە و رزگاربوونی حکوومەتەکەی مالیکی زیاتر پەیوەستە بە فشارەکانی ئەمەریکاوە بۆ ناچارکردنی کوردەکان تاوەکو دەست لە داواکارییەکانیان هەڵبگرن نەك بە بەڵێندانی مالیکی بە کوردەکان بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات.

## کاتێک بارزانی رایدەگەیەنێت دەمانەوێت بەشێک بین لە عێراق ئەوا لە هەمانکاتدا واتە نامانەوێت ڕۆڵی ئێمە تەقدیر نەکرێت

*** سەرۆك بارزانی بۆ ئەم قۆناغە کوردستان بە بەشێك لە عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە سوپای عێراق دادەنێت هەربۆیە ئامادەبووە ئەم هێزانە رەوانەی شارەکانی بەغدا و موسڵ بکات بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخە ئەمنییەکەی ئەو دوو شارە، بەڵام کە وەڵامدانەوەی حکوومەتی مالیکی وەك پێویست نەبێت، ئەوا مافی خۆیەتی هەڵوێستێکی توند لە ئاست مالیکیدا بگرێتەبەر لەبەر ئەوەی کاتێك هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان جیددی بوون و تورکیا هێرشی کردەسەر ئەم هەرێمە حکوومەتەکەی مالیکی کاری پێویستی نەگرتەبەر بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەم هەرێمە؟**

- من پێموایە کێشەکە لەوەدایە کە دوو بەتالیۆنی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری بەغدا رەوانەکران لەسەر داوای حکوومەتەکەی مالیکی، بەڵام لە بەرامبەردا حکوومەتی هەرێمی کوردستان رەخنەی ئەوە دەگرێت حکوومەتەکەی مالیکی هەڵنەستا بە قەرەبووکردنەوەی دارایی ئەو هێزانە. پێموایە یەکێك لە داواکارییەکانی بارزانی ئەوەیە کە ئەگەر حکوومەتی ناوەندی دەیەوێت هێزە ئەمنییە کوردییەکان هاریکاری بکات، ئەوا دەبێت پشتیوانی و پاڵپشتیان بکات لە رووی داراییەوە. واتە کاتێك بارزانی رایدەگەیەنێت دەمانەوێت بەشێك بین لە عێراق ئەوا لە هەمانکاتدا نامانەوێت رۆڵی ئێمە تەقدیر نەکرێت و کاتێك ئێمە بە هێزەکانمان بەشداری دەکەین ئەوا پێویستە حکوومەتی ناوەندی لە رووی داراییەوە ئەرکەکەی بگرێتە ئەستۆ.

## ئەگەر ئەمەریکییەکان بیانەوێت بڕیار بدەن لەو باوەڕەدانیم مالیکی کارێکی زۆری لەدەستبێت

*** پێویستە مالیکی بە چ شێوەیەك رەفتار بکات لە ئاست ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی لە نێوان کوردستان و تورکیادا هەیە؟**

مەسەلەکە تەنها مالیکی نییە بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاری یارمەتیدانی تورکیای داو بە پێدانی زانیارییە هەواڵگرییەکان هاوکاری کرد بۆ ئەوەی هێرش بکاتەسەر ئەوەی پێی دەڵێن پەناگا و حەشارگەکانی پەکەکە ئەوەش کردەوەی ئەمەریکییەکان بوو نەك مالیکی. من پێموایە گەر ئەمەریکییەکان بڕیار بدەن هەروەك بڕیارياندا پتر بایەخ بە خواست و داواکارییەکانی تورکیا بدەن ئەوا لەو باوەڕەدانیم مالیکی کارێکی زۆری لەدەستبێت. هەمان شت دەربارەی مادەی ١٤٠ راستە، واتە ئەوە مالیکی نەبوو بڕیاری دواخستنی ئەنجامدانی راپرسی و جێبەجێنەکردنی ئەو مادەیەی دەرکرد بەڵکو ئەوە بڕیارێکی ئەمەریکی بوو. بەو پێیە گەر کوردەکان لە کەسێك تووڕەبن ئەوا پێویستە لە ئەمەریکییەکان توڕە بن لەبەر ئەوەی ئەمەریکییەکان پشتگیری تورکیایان کرد بۆ ئەوەی کاردانەوەی هەبێت لە بەرامبەر پەکەکەدا و ئەمەریکییەکان وایانکرد جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ شتێکی مەحاڵ بێت.

## ئەمەریکییەکان پێیان وایە کوردەکان هاوپەیمانێکی باشن بەڵام ناکرێت هەموو ئەو شتانەی دەیخوازن بێتەدی

*** چەند کێشەیەکی چارەسەرنەکراو لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندیدا هەیە، وەك جێبەجێنەبوونی ماددەی ١٤٠ و پەسەندنەکردنی یاسای نەوت و خەرجنەکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە. پێت وایە ئامادەنەبوونی مالیکی بۆ چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانە وا دەکات کورد هەڵوێستی توندتر و سەختتر بگرنەبەر لە ئاست مالیکیدا؟**

- ئەو هەستەی لای ئیدارەی ئەمەریکی هەیە ئەوەیە، کە ناکرێت هەرچییەك کوردەکان داوای دەکەن بهێنرێتەدی، بۆ نموونە ناکرێت مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت بەبێ ئەوەی سەقامگیری و ئاسایشی شاری کەرکووك دووچاری هەڕەشە و مەترسی ببێتەوە. واتە پێیان وایە کوردەکان هاوپەیمانێکی باشن بەڵام ناکرێت هەموو ئەو شتانەی دەیخوازن بێتەدی.

## پێموایە ئەمەریکا داوا لەکورد دەکات دان بە خۆیاندا بگرن و بۆ ماوەیەک چاوەڕوان بن.

*** دەستووری عێراق پشتیوانی لە پێدانی دەسەڵاتی فراوان دەکات بە هەرێمەکان، ئەگەر مالیکی بە پێچەوانەی دەستوورەوە رەفتاری کردو هەوڵی لاوازکردنی دەسەڵاتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیدا، پێویستە لایەنی کوردی بە چ شێوەیەك هەڵسوکەوت بکات؟**

- من پێموایە وەڵامی بەرپرسەکانی واشنتۆن ئەوە دەبێت کە لەبەر ئەوەی توندوتیژی و ئاڵۆزی و بارودۆخە سەختەکە درێژەی هەیە ئەوا پێویستە کوردەکان سازش بکەن. راستە مادەی ١٤٠ داوای ئەنجامدانی راپرسی دەکات، بەڵام هەستێکی بەهێز هەیە لە ناو ئیدارەی ئەمەریکیدا کە کاتەکە گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو راپرسییە لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی دەبێتەهۆی خولْقاندنی ناکۆکییەکی راستەقینە لە شاری کەرکووکدا، بەو پێیە دەبێت کوردەکان دان بە خۆیاندا بگرن و بۆ ماوەیەك چاوەڕوان بن.

●●●
مەسەلەکە تەنها مالیکی نییە بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئەمەریکا بڕیاری یارمەتیدانی تورکیای داو بە پێدانی زانیارییە هەواڵگرییەکان هاوکاری کرد بۆ ئەوەی هێرش بکاتەسەر ئەوەی پێی دەڵێن پەناگا و حەشارگەکانی پەکەکە ئەوەش کردەوەی ئەمەریکییەکان بوو نەک مالیکی
●●●

●●●
گەر ئەمەریکییەکان بڕیار بدەن هەروەک بڕیاریاندا پتر بایەخ بە خواست و داواکارییەکانی تورکیا بدەن ئەوا لەو باوەڕەدانیم مالیکی کارێکی زۆری لەدەستبێت
●●●

●●●
گەر کوردەکان لە کەسێک تووڕەبن ئەوا پێویستە لە ئەمەریکییەکان توڕە بن لەبەر ئەوەی ئەمەریکییەکان پشتگیری تورکیایان کرد بۆ ئەوەی کاردانەوەی هەبێت لە بەرامبەر پەکەکەدا و ئەمەریکییەکان وایانکرد جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ شتێکی مەحاڵ بێت
●●●

### ئەمەریکا هاوپەیمانێکی باش بووە بۆ کورد و کوردیش هاوپەیمانێکی باش بووە بۆ ئەمەریکا بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە هەرچی کورد بیەوێت بێتەدی

*** لە ساڵی ٢٠٠٣دا کورد هاوکارییەکی زۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایـــان کرد بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس، بۆچی ئێســـتا دووچاری فشارێکی زۆر دەبنەوە لەلایەن ئەمەریکاوە؟**

- من پێموایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك هاوپەیمانێکی بەهێز مامەڵەی لەگەڵ کوردەکاندا کردووە و کوردەکان بە هاوکاری ئەمەریکا ئەو دەستکەوتانەیان بەدەستهێناوە کە بۆ چەند سەدەیەکە خەباتی بۆ دەکەن. ئێســـتا کاتێکی باشە بۆ کوردستان، لەبەر ئەوە من پێموایـــە ئەمەریکا هاوپەیمانێکی باش بـــووە بۆ کوردەکان و کوردەکانیش هاوپەیمانێکی باش بوونە بۆ ئەمەریکا، بەڵام ئەمە بە مانـــای ئەوە نایەت کە هەرچی کوردەکان بیانەوێت بێتەدی، لەبەر ئەوەی هەموو کەســـێك ناتوانێت هەموو ئەو شتانەی دەستکەوێت کە دەیەوێت.

### پەیوەندی کوردو عەرەبی سوننە ئێستا لە پێشان باشترە

*** لە ناو پەرلەمانی عێراقدا بەرەیەك دروســـتبووە کە پێکهاتووە لە حزبی فەزیلە و رەوتی سەدر بۆ دژایەتیکردنی خواست و داواکانی کـــوردەکان بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و بۆ دژایەتیکردنی ئەو گرێبەستانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتدا ئیمزای کردوون. پرســـیارەکە ئەوەیە گەر پارتە عەرەبییەکان درێژە بـــەم رفتارەیان بدەن ئەوا چ ئایندەیـــەك چاوەڕوانی عێراق دەکات؟**

- لە راســـتیدا ئەوە پرســـیارێکی زۆر قـــورس و زۆر گەورەیە و من ناتوانم وەڵامی بدەمەوە. بەڵام بە نیســـبەت ئەگەری ناکۆکی نێوان کـــورد و عەرەبەکاندا دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە لە ماوەی چەنـــد مانگی رابردوودا کـــوردەکان پەیوەندی نزیـــك و تەنانەت رێککەوتنیشیان لەگەڵ عەرەبە سوننەکاندا هەبووە لە ئاست شاری موسڵدا بۆ نموونە دەربارەی پاراستنی ئاسایشی ئەو شارە، بەو پێیە **ناکۆکی نێوان کورد و عەرەبە ســـوننەکان لە ئێستادا کەمترە لەوەی پێشتر هەبوو.**

### هەرچەندە بڕیارەکەی ساڵی ٢٠٠٣ی تورکیا نائومێدی کردین بەڵام تورکیا هێشتا هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە

*** بـــەڵام هەروەك دەزانین لە ســـاڵی ٢٠٠٣دا تورکیا ئامادە نەبوو رێگە بە هێزەکانی وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بدات تاوەکو بە خاکـــی وڵاتەکەیدا تێپەڕن بۆ کردنـــەوەی بەرەیەکی دیکە لە شـــەڕەکەی دژی عێراقدا، بەڵام کوردەکان بەوپـــەڕی توانایانەوە یارمەتـــی ئەمەریکییەکانیاندا. بۆچی لە گـــرژی نێوان تورکیا و کوردەکانـــدا وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا کوردەکان دەکاتە قوربانی لە پێناو تورکیادا؟**

- تورکیا هێشـــتا هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، هەرچەنـــدە ئێمـــە نائومێدبووین لە بڕیارەکەی تورکیا لە ســـاڵی ٢٠٠٣دا بەڵام تورکیا هەر بە هاوپەیمانی ئەمەریکا ماوەتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانیـــش دەیەوێت هاوپەیمانی هەردوولایان بپارێزێت و لە ئێستادا ناخوازێت دەست لە هاوپەیمانی هیچ لایەکیان هەڵگرێت.

### هەفتەکانی داهاتوو ساتەکانی شکست یا سەرکەوتن دەبن بۆ مالیکی

*** لە کۆتایی ســـتوونەکەتدا ئاماژەت بەوە کردووە کە هەفتەکانی داهاتوو ئایندەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٨ دیاری دەکەن ئایا مەبەستان چییە یان چاوەڕوانی چ گۆڕانکارییەك دەکەن ؟**

- مـــن پێموایە لـــە هەفتەکانی داهاتوودا یـــان ئەوەتا مالیکی دەرفـــەت بـــە ئەنجامدانی گۆڕانـــکاری دەدات بـــۆ دەرکردنی بڕیارگەلێکی گرنگی وەك یاسای نەوت و یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس و یاســـای دەســـەڵاتی هەرێمەکان و بڕیاری پەیوەست بە بودجە، بەو پێیە یا ئەوەتا ئەو یاســـایانە پەسەند دەکرێن یان ئەوەتا حکوومەتەکە بە بنبەســـت دەگات و رووبەڕووی تەحەددا دەبێتەوە لەلایەن هاوپەیمانییەتییەکەوە کە کوردەکان لە خۆدەگرێت. هەروەك لە ســـتوونەکەمدا ئاماژەم پێکردووە هەفتەکانی داهاتوو ساتەکانی شکست یا سەرکەوتن دەبن بۆ مالیکی. ئەو بارودۆخەی لە ساڵی ٢٠٠٧دا بینیمـــان درێژەی نابێت و لە ســـاڵی ٢٠٠٨دا یان ئەوەتا بارودۆخە سیاســـییەکە هەرەس دەهێنێت یاخود بە دەرەئەنجامێکی سەرکەوتوو دەگات.

●●●

**ئیدارەی ئەمەریکی پێیان وایە کوردەکان هاوپەیمانێکی باشن بەڵام ناکرێت هەموو ئەو شتانەی دەیخوازن بێتەدی**

●●●

●●●

**مادەی ١٤٠ داوای ئەنجامدانی راپرسی دەکات، بەڵام هەستێکی بەهێز هەیە لە ناو ئیدارەی ئەمەریکیدا کە کاتەکە گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو راپرسییە لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی دەبێتەهۆی خوڵقاندنی ناکۆکییەکی راستەقینە لە شاری کەرکووکدا، بەو پێیە دەبێت کوردەکان دان بە خۆیاندا بگرن و بۆ ماوەیەک چاوەڕوان بن**

●●●



●●●

**ناکۆکی نێوان کورد و عەرەبە سوننەکان لە ئێستادا کەمترە لەوەی پێشتر هەبوو**

●●●

# سەردانەکەی بووش بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوێکی گرنگ بەڵام درەنگ وەخت



پارتی کۆمـــاری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمەریکا بباتەوە یان ســـەرۆك بووش تەنیا ماوەی ســـاڵێکی ماوە لە ئۆفیســـی کۆشکی ســـپییەوە فەرمان بەسەر جیهاندا دەربکات و لە ســـاڵی داهاتوودا سەرۆکێکی دیکە ئەوجا دیموکراتی بێت یان کۆماری دەرگای کۆشـــکی سپی بۆ واڵا دەکرێت.

بووش کە ماوەی دوو پۆســـتە ســـەرۆکایەتی ئیدارەی ئەمەریکا هەڵدەسووڕێنێت، نەیتوانی بە جۆرێك سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا پیادە بکات کە بە ئاراستەی گەشەســـەندنی دیموکراسی و گۆڕینی رژێمـــە تۆتالیتارییەکان خۆشەویســـتییەك لە نێو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکات.

لـــە ماوەی ٧ ســـاڵی رابردوودا ئەمـــە یەکەمین جارە هەوڵێکی جدی لەلایەن ســـەرۆك بووشـــەوە دەبینرێت بۆ بەگەڕخســـتنەوەی پرۆسەی ئاشـــتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و باســـکردنی راســـتەوخۆی کێشەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی ناوچەکـــە، هەربۆیە ئەگەر ئەمە دەســـتپێکی جۆرێك لە گۆڕانکاری بێت لە سیاســـەتی ئەمەریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا پیادەکردنی ئەم سیاســـەتە ماوەیەکی کورتی لە بەردەمدایە و پێناچێت

هەموو ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی پێ راست بکرێتەوە کە چەند ساڵێکە لەسەر یەکدی کەڵەکە بوون.

### پرۆسەی ئاشتی فەلەستین و ئیسرائیل

### نەبوونی متمانەی پێویست بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە

گومان لەوەدا نییە کە هەموو ئیدارەکانی ئەمەریکا هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە تاوەکو ئێستا، بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری دەوڵەتی ئیسرائیلیان کردووە و ئەگەر پشتگیریەش نەبوایە، ئەوا حەتمەن لە ماوەی ٦٠ ساڵی رابردوودا، دەوڵەتی ئیسرائیل نەیدەتوانی لەو دورگەیەدا خۆی بگرێت و، وەك دەوڵەتێك کاریگەری لەسەر سەرجەم سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت، وێرای ئەم پشتگیرییە گشتگیریەی لە نێو سەرجەم ئیدارەکانی ئەمەریکادا هەبوون، بەڵام دیسان چاودێران پێیان وایە ئیدارەی سەرۆك بوش لە ئیدارەکانی دیکە زیاتر پشتگیری زیاتری دەوڵەتی ئیسرائیلی کردووە و بەڵگەشیان بۆ ئەمە لە ماوەی دوو پۆست و نزیکەی ٧ ساڵی سەرۆکایەتی بووشدا مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین و هەوڵدان بۆ بەگەڕخستنەوەی پرۆسەی ئاشتی پرکراوەو بێجگە لە کۆبوونەوەکەی ئەناپولس هەوڵێکی دیکە نەبینراوە.

ئەم پرکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی راستە لەلایەك لەبەرژەوەندی ئیسرائیلدا بووە، بەوەی نەیهێشت دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین رابگەیەنرێت، بەڵام بە دیویکی دیکەدا زیان لە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمەریکاش داوە و ئەو ئومێد و خواستەی بۆ پرۆسەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو گۆڕا بۆ پشتگیری لە مانەوەی رژێمە تۆتالیتاری و پادشاییەکان کە ئەوانیش تا رادەیەکی زۆر چارەسەرنەکردنی کێشەی فەلەستین — ئیسرائیلیان پێویستە بۆ مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات و پاوانکردنی هێز و رێگرتن لە گەشەسەندنی دیموکراسی.

لە بەرامبەردا، سڕکردنی پرۆسەی بووە بۆشاییەك بۆ سەرهەڵدانی ئیسلامی توندڕۆی سەلەفی و شیعی لە هەردوو حاڵەتەکەشدا وێرای ئەمەی ئەم دوو تێڕوانینە جیاوازەی ئەم بزاڤە ئیسلامییە توندڕۆیانە لە نێوخۆیاندا لە زۆر مەسەلە و بیروبۆچووندا جیاوازن بەڵام دەبینین لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمەریکا بۆچوونی هاوبەشیان هەیە، ئەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە ١١-٩-٢٠٠١ لە ئەمەریکا ئەنجامیدا و ئەوەی حزبوڵڵای لوبنان لەهاوینی ٢٠٠٦ لە شەڕی دژی ئیسرائیل ئەنجامیدا، هەروەها لەسەر ئاستی پرۆسە دیموکراسییەکانیش دەبینین هەڵکشانێکی بەرچاو لەسەر ئاستی ئەو پارتە ئیسلامیانەش بینی کە بە شێوەیەکی دیموکراسییانە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن. هەربۆیە زۆر گرنگە پرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بکەوێتەوە سەر سکەی خۆی، گروتینێکی زیاتری پێ بدرێت بۆ ئەوەی لانی کەم هەندێك لەنێو بۆشاییەکان پڕ بکرێتەوە.

### دروستکردنی هاوپەیمانی ٦+٢ دژی ئێران

ئەمەریکا وێرای چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین- ئیسرائیل هەوڵدەدات یان بە واتایەکی دیکە وای دەبینین، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی هاوپەیمانی ٦ دەوڵەتەکەی کەنداو لەگەڵ میسر و ئەردەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ئێران لە سەر ناوچەکە و بێ متمانەیی نێوان عەرەب- ئیسرائیل و فەلەستین و ئیسرائیل رای گشتی شەقامی قەرەبی و دەستەبژێری حوکمڕانی ئەو وڵاتانەی لێك جیاکردۆتەوە و لەکاتێکدا رژێمە عەرەبییەکان ئامادەباشی پیشاندەدەن کە هاوپەیمانی ئەمەریکا نین، بەڵام رای گشتی وڵاتەکانیان لەگەڵ ئێران هاوسۆز دەبن، هۆکاری ئەمەش توندی هەڵوێست و لێدوانەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بەرامبەربە کێشەی فەلەستین و هەروەها پێشکەشکردنی پشتگیری ماددی و مەعنەوی بۆ حزبوڵڵای لوبنانی و رێکخراوی حەماسی فەلەستینی.

لەلایەکی دیکەش هەڵکشانی مەدی ئیسلامی و ترسی دەوڵەتەکانی کەنداو لە رای گشتی شەقامی سیاسی خۆیان، هەرگیز رێگە بەوە نادات کە پێشوازی لە هێزەکانی ئەمەریکا بکەن لەسەر خاکەکەیان، ئەمە بێجگە لەوەی لە نێو هەموو دەوڵەتانی کەنداو بێجگە لە کویت، هیچ دەوڵەتێك ئامادەباشی ئەوەی تێدا نییە راشکاوانە پێشوازی لە هێزەکانی ئەمەریکا بکات، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی دیکەی کەنداویش بەتایبەتی وەك قەتەر و ئیمارات کە کێشەی هەڵکشانی مەدی مەزهەبی شیعەیان نییە، نەك هەر ئامادە نین راشکاوانە دژایەتی ئێران بکە، بەڵکو پەیوەندییەکی زۆربەتینیشیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، هەر ئەمەش شانشینی عەرەبستانی سعودی نیگەران کردووە کە نەتوانێت وێرای هەموو مەترسییەکانی راشکاوانە بانگێشە بۆ بەرەیەکی فراوان دژی ئێران بکات.

ئەم واقیعەی لە ناوچەکەدا دەخوێنرێتەوە، ئەگەری ئەوەی هێناوەتە ئاراوە کە ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی نێوان تاران و واشنتۆن لاوازتر بێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی سەرۆك بوش ناچار بوو لە ئیسرائیل بەوجۆرە قسە بکات کە ئیسرائیلیەکان دڵیان پێی خۆش بێت.

### پرۆفیسۆر میهرزاد بروجێردی  لە زانکۆی ماکسوێڵ لە ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# پێشبینی گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ناکرێت بەڵام رووبەڕووبوونەوەی تاران و واشنتۆن لاواز بووە



**پرۆفیسۆر میهرزاد بروجێردی کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ماکسوێڵ پسپۆر و تایبەتمەندیشە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەروەها تایبەتمەندیشە لەسەر ئێران و چەندین کتێب و دیراسەتی لەسەر ئێران هەیە و بەردەوامیش وەك شارەزایەك لەسەر دۆسیەی ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە بۆ لێدوان و شرۆڤەی سیاسی لە لایەن کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژنامە و میدیا جیهانییەکانەوە پەیوەندی پێوە دەکرێت.**
**بۆ هەڵسەنگاندنی سەردانەکەی بوش بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئامانجەکانی ئەم سەردانە و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر میهرزاد کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن:**

### بوش لەلایەک هەوڵدەدات چارەسەرێک بۆ ناکۆکی عەرەب ئیسرائیل بدۆزێتەوە لە لایەکی دیکەوە کۆشش بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەکات دژی ئێران

***چۆن سەردانەکەی سەرۆك بوش دەخوێنیتەوە بۆ ئیسرائیل؟ ئایا مەبەست لەو سەردانە پشتیوانیکردنە لە پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاخود بەدەستهێنانی پشتگیریە بۆ شەڕکردن لە دژی ئێران؟**

-من پێم وایە هەردوو ئەو ئامانجە لە خۆدەگرێت کە ئاماژەتان پێکرد، واتە لەلایەکەوە بوش هەوڵدەدات چارەسەرێك بۆ ناکۆکی عەرەب ئیسرائیل بدۆزێتەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەو وڵاتانەی بوش سەردانیان دەکات و ئەو پەیامەی لە گەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە ئاماژەی ئەوە لە خۆدەگرن کە کۆشش بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەکات لە ناو جیهانی عەرەبدا لە دژی ئێران.

### پێشبینی گۆڕانکاری گەورە ناکرێت بەڵام ئەگەری رووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئێران و ئەمەریکادا بە شێوەیەکی راستەقینە لاواز بووە

***کەواتە پێشبینی ئەوە دەکەیت گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بێتەدی لە ساڵی ٢٠٠٨دا؟**

- من پێم وایە لەم ساتەوەختەدا ئەگەری ناکۆکی و روبەڕووبوونەوە لە نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بە شێوەیەکی راستەقینە لاواز بووە و پاشەکشەی کردووە. ئایا پێشبینی گۆڕانی گەورە دەکرێت لە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکادا من پێم وایە نەخێر لەبەر ئەوەی چەند مانگێکی ماوە لە سەرۆکایەتیدا و وڵاتەکە (ئەمەریکا) بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و بە دڵنیاییەوە بە کێشەکانی عێراقەوە سەرقاڵ دەبێت. کەواتە من پێم وایە سەرۆك بوش هیچ چەشنە دەستڕۆیشتوییەکی ئەوتۆی نابێت بۆ ئەوەی گۆڕانێکی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەدا بهێنێتەدی.

## له سەرکردەی باڵاکانی ئێرانمان بیستووە کە بارودۆخەکە گونجاو نیە بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا

***پێشبینیت چیە بۆ ئایندەی پەیوەندیەکانی ئێران و ئەمەریکا؟**

- من پێشـــبینی هاتنە ئارای بەرەوپێشچوونێکی گەورە ناکەم لە ماوەی ئەو ساڵەی کە لە سەرۆکایەتییەکەی سەرۆك بوش ماوەتەوە، پەیوەندییـــەکان هـــەروەك خۆیان دەمێننـــەوە و هەردوولایان درێژە بە سیاســـەتی یەکتر تاوانبار کـــردن دەدەن و پەنجەی تۆمەت بۆ یەکتر درێژ دەکەن. ئێمە لە سەرکردەی باڵای ئێرانمان بیست کە بارودۆخەکە گونجاو نییە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا واتە ئێران و ئەمەریکا. من پێشبینی هاتنەدی هیچ پێشکەوتنێکی گەورە و بەرچاو ناکەم لە ســـاڵی ٢٠٠٨دا لە نێوان ئەم دو وڵاتەدا. لە گەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە شتەکان دەوەستنە سەر ئەو ئیدارەیەی دوای سەرۆك بوش دەســـت بەکاردەبێت، واتە جۆری ئەو سیاســـەتەی ئەو ئیدارەیە دەیگرێتەبەر لە ئاست ئێراندا، هەروەها هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠٠٩ی ئێرانیش لەو بوارەدا گرنگی خۆی هەیە.

## ئیدارەکەی سەرۆک بوش لە هەر ئیدارەیەکی دیکەی ئەمەریکی زیاتر دۆست و پاڵپشتی ئیسرائیل بووە

***یەکەم لێدوانی ســـەرۆك بوش پاش گەیشـــتنی بۆ ئیســـرائیل بریتـــی بوو لە هەڕەشـــەکردن لە ئێـــران. پێت وایە ئەو هەڕەشـــەیە تەنیا بۆ دڵنیاکردنەوەی ئیســـرائیلە یاخود بۆ ئەوەیە ئەو راستیە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دوپاتبکاتەوە کە ئێران بە نیازی هێرشـــکردنە سەر ئیسرائیلە؟**

- من پێم وایە ئیدارەکەی ســـەرۆك بوش زیاتر لە هەر ئیدارەیەکی دیکەی ئەمەریکی لە مێـــژووی هاوچەرخی وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا زیاتر دۆســـت و پاڵپشـــتی ئیســـرائیل بووە، لەبەر ئەوە جێی سەرســـوڕمان نییە کـــە جۆرج بوش ئەو جـــۆر لێدوانانە بدات کە ئیسرائیل پێی خۆشـــە. بەڵام ئەگەر بە راشکاوی بدوێم من لەو باوەڕەدانیـــم بارودۆخەکە لە سەرانســـەری ناوچەکەدا لە بەرژەوەندی وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت بە چەشـــنێك ئەو لێدوانە بە جیـــددی وەربگیرێت. گەر جۆرج بوش بتوانێت هەندێك ســـەرکەوتن بەدەستبهێنێت لە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا، ئەوا پەیامی دژایەتیکردنی ئێران کە هەڵیگرتووە رەنگە هەندێ سەنگ و قورســـایی هەبێت لە جیهانی عەرەبدا، بـــەڵام بە پێچەوانەوە گەر سەرکەوتن بەدەســـتنەهێنێت لەو ئەرکەدا ئەوا هەوڵ و تێکۆشانەکەی بۆ پێکهێنانی جۆرێك لە هاوپەیمانێتی لە ناو وڵاتە عەرەبیەکاندا لە دژی ئێران جێی گومان دەبێت.

## هەموو ئیدارەکانی ئەمەریکا بانگەشەی ئەوەیان کردووە پشتیوانی لە دیموکراسی دەکەن بەڵام هەر کاتێک ناچار بووبن بایەخیان بە پاراستنی سەقامگیری و ئاسایش داوە

***زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەرکی چەســـپاندنی دیموکراســـی پشتگوێخســـتووە و حاڵی حازر پشـــتگیری لە رژێمە دیکتاتۆرییەکان دەکات، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من پێم وایە هەر لە بنەڕەتدا و هەر لە سەرتاوە ئاڵ و گۆڕێکی گەورە لە سیاســـەتی ئەمەریکادا نەهاتۆتەدی بۆ پشـــتگیریکردنی دیموکراسی، هەموو سەرۆك و ئیدارەکانی ئەمەریکا بانگەشەی ئەوەیان کردووە پشـــتیوانی لە بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی دیموکراسی دەدەن، بەڵام هەر کاتێك ناچار بووبێت لە نێوان دیموکراســـی و سەقامگیریدا هەڵبژادن بکەن هەمیشـــە بایەخیان بە پاراســـتنی ســـەقامگیری و ئاســـایش داوە، واتە هەمیشە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و راگرتنی سەقامگیری بنچینەی سیاسەتی ئەمەریکا بوونە. لەبەر ئەوە مەرج نییە دیموکراسی هێزی پاڵنەری سەرەکی بێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا، رەنگە لە لێدوان و ووتارەکانیاندا جەختی لەسەر بکەنەوە بەڵام رەنگدانەوەی نابێت لە کاتی دارشـــتنی سیاســـەتی دەرکردنی بڕیاردا.

***هەروەك ئاشکرایە عێراق کارتێکی گرنگە لە سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا و پەیوەندییەکی راستەوخۆشی هەیە بە ئێرانەوە، پێت وایە ئەمەریکا سیاســـەتێکی تایبەتی لە ئاست عێراقدا دەگرێتەبەر یاخود هەمان سیاســـەتە پیادە دەکات کە لە سەرانسەری ناوچەکەدا گرتویەتیەبەر؟**

- وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ســـەرچاوەگەلێکی زۆری لە عێراقدا خســـتۆتەگەڕ لە رووی دارایی و سەربازییەوە و ژمارەیەکی ســـەربازی زۆری رەوانەی ئەو وڵاتە کرد. ئێستا ئەمەریکا خوازیارە ژمارەی ســـەربازەکانی کەمبکاتەوە لە عێراقـــدا بە تایبەتی ئەگەر دیموکراتـــەکان لـــە هەڵبژاردنـــە ســـەرۆکایەتییەکاندا ســـەرکەوتن بەدەستبهێنن ئەوا رەنگە داوای ئەنجامدانی ئەو پاشەکشەیە بکەن بە رەوتێکی خێراتر. لە راســـتییدا ئەوە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە و پەیوەستە بە کەمبوونەوەی ئاســـتی ناکۆکـــی و توندوتیژیەوە هەیە، لەگەڵ هەوڵەکانـــی ئێران بۆ ئـــەوەی بارودۆخەکە بە چەشـــنێك نەبێت لە بەرژەوەندی ئەمەریکا بێت، واتە ئەگەری گۆڕانەکان دەوەستێتە سەر راستییەکانی ئەرزی واقیع، بۆ نموونە گەر بارودۆخەکە پتر بشێوێت و هێرشی زیاتر بکرێتەسەر مەزارە پیرۆزەکانی شیعە و سوننەکان ئەوا ناکۆکییەکە زیاتر هەڵدەکشـــێت. کەواتە بارودۆخەکە زۆر لەرزۆکە و هێشتا بە دوا مەنزڵگەی خۆی نەگەیشتووە.

## ئەمەریکا دەیەوێت هاوسەنگیەکی هەستیار بپارێزێت ئەوەی لە لایەک خوازیارە هەڵوێستی تورکیا بەدەستبهێنێت لە لایەکی دیکەوە نایەوێت سەقامگیری هەرێمە کوردیەکە بکەوێتە مەترسییەوە

***ئەو گـــرژی و ئاڵۆزیانەی بەم دواییانە لە نێوان کورد و تورکیا دروست بوو بە هۆی هێرشکردنی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بۆردومانکردنی گوندەکانی هەرێمەکە، ئەم گرژییانەش رەنگدانەوەی هەبـــوو لە ســـەر پەیوەندییەکانـــی ئەمەریکا و تورکیـــا. پێت وایە ســـەردانەکەی عەبدوڵلا گول بۆ واشنتۆن ببێتە هۆی هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا؟**

-ئەمەریـــکا دەبێت هاوســـەنگییەکی هەســـتیار بپارێزێت لەبەر ئـــەوەی لە لایەك خوازیارە هەڵوێســـتی تورکیا لە بەرژەوەندی خۆی بەدەســـتبهێنێت و لەلایەکی دیکەوە نایەوێت ئارامی و سەقامگیری ناوچەی کوردەکان بکەوێتە مەترسییەوە. بەڵام گەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو مەنتیقەی پێشتر ئاماژەم پێکرد کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەســـەر بنیاتنراوە ئەوا گەر بارودۆخەکە پتر ئاڵۆز بێت و هەڵکشـــان بە خۆوە ببینێت ئەوا ئەمەریکا لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا پشتگیری تورکیا دەکات لەبەر ئەو سەنگ و رۆڵەی ئەم وڵاتە (تورکیا) هەیەتی نەك تەنیا لە عێراقدا بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا وەك ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و ناوچەی قەوقاز و ئێران هتد.

**ئەگەری ناکۆکی و روبەڕووبوونەوە لە نێوان ئێران و ئەمەریکادا بە شێوەیەکی راستەقینە لاواز بووە و پاشەکشەی کردووە. ئایا پێشبینی گۆڕانی گەورە دەکرێت لە سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکادا من پێم وایە نەخێر لەبەر ئەوەی چەند مانگێکی ماوە لە سەرۆکایەتیدا بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و بە دڵنیاییەوە بە کێشەکانی عێراقەوە سەرقاڵ دەبێت**

**هەموو سەرۆک و ئیدارەکانی ئەمەریکا بانگەشەی ئەوەیان کردووە پشتیوانی لە بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی دیموکراسی دەدەن، بەڵام هەر کاتێک ناچار بووبێت لە نێوان دیموکراسی و سەقامگیریدا هەڵبژادن بکەن هەمیشە بایەخیان بە پاراستنی سەقامگیری و ئاسایش داوە**

**مەرج نییە دیموکراسی هێزی پاڵنەری سەرەکی بێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا**

**د. عەلی ڕەزا نوری زادە سەرۆکی بەشی فارسی لەکەناڵی BBC ئینگلیزی لە لەندەن بۆ گوڵان:**

# ئەگەر کێشەکانی لوبنان و فەڵەستین و عێراق چارەسەربکرێن ئەوا دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا دەستپێدەکەنەوە



**■ د. عەلی ڕەزا نوری زادە، نووسەر و ئەکادیمیستێکی ناوداری ئێرانییە لەمەنفا. هاوکات سەرۆکی بەشی فارسییە لەکەناڵی BBC ئینگلیزی لە لەندەن. نوری زادە تێڕوانین و نووسینەکانی خۆی لەرۆژنامە بەناوبانگەکانی بەریتانیا بڵاودەکاتەوە. ناوبراو دۆستێکی دێرینی گەلی کوردە و خێزانەکەی خەڵکی شاری (سنە)ی رۆژهەڵاتی کوردستانە.**

**د. نوری زادە لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گوڵان لەبارەی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیۆم و دروستکردنی (هیلالی شیعە) و گەلێ پرسی هەڵواسراوی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوین بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن.■**

*** سەرەتا دەخوازین لەبارەی قەیرانی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمەریکا بدوێیت، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی سەرۆك بۆش بۆ وڵاتانی عەرەبی، هەمووش لەپێناوی پشتگیریکردنی ئەمەریکا بۆ ئیحتیواکردنی ئێران . ئایا رای بەڕێزت چییە بەرامبەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانە؟**

- پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا ئێستا کەوتۆتە قۆناغی چاوەڕوانییەوە، دوای ئەوەی لە بارێکی ئاڵۆزدابوو لەدوای هەڕەشەکانی ئەمەریکا لەدژی ئێران. بۆیە بەڕای من، لەدوای دەرچوونی راپۆرتی دەزگاکانی هەواڵگریی ئەمەریکا سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە لەباری ئاسایشی عێراق روویداوە، کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەبوو لەگەڵ سنووردانانی دەستێوەردانەکانی ئێران لەکاروبارەکانی عێراق، ئەویش لەڕێگای تەجمیدکردنی میلیشیا شیعەکان، کە هاوکاری و چەکیان لەئێرانەوە وەردەگرت و پشتگیریی ئەو میلیشیایانەی دەکرد لەمەشق و راهێنانی سەربازی. بۆیە جۆرە ئاڕاستەیەك هەیە لەلایەنی ئیدارەی ئەمەریکی بەتایبەتی لەلایەن خاتوو گۆندۆلیزا رایس و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە ئەگەرێك هەیە بۆ گەیشتن بەئاستێکی بەرز لەتێگەیشتن لەگەڵ سەرکردایەتیی ئێران. دوای لێدوانەکەی ئایەتوللە عەلی خامەنەئی، کاتێك گوتی ئەگەر بێتو بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەرژەوەندیی وڵات بێت، ئەوا دەبێتە یەکەمین کەس دەستپێشخەربێت بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ و دانوستانەکان لەگەڵ ئەمەریکا.

سەبارەت بەسەردانەکەی سەرۆك بوش بۆ کوێت، ئەم سەردانە چەند رەهەندێکی لەخۆ گرتووەو سەردانێکە بە ئەجینداو نەخشەوە، کە بەڕای ئێمە بریتییە لەدامەزراندنی جۆرە هاوپەیمانێتییەکی هەرێمی لەدژی پێشبینییەکانی ئێران لە ناوچەکە. بەڕای من، ئەگەر بێت و سەرۆك بوش سەرکەوتوو بێت لەبەدیهێنانی خەونەکەی سەبارەت بەپێکهێنانی دەوڵەتی فەڵەستینی و کردنی بەواقع، هەروەها ئەگەر بێتو چەند ئاستەنگێك هەڵبگیرێت لەبەردەم پرۆسەی ئاشتەوایی نێوان ئیسرائیل و فەڵەسین، وەکو کێشەی پەنابەرەکان و مەسەلەی قودس. من لەو بڕوایەدام کە هەر سەرکەوتنێك لەم جموجۆڵەدا بەرەو ئاشتی کاریگەریی دەبێت لەسەر باری هەرێمی و هەروەها کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ئێستای ئێران و ئەمەریکا. بەواتایەکی دیکە، ئەمرۆ ئێران گەورەترین وڵاتی ناوچەکەیە کە بەشێوەیەکی دژوار هەڵوێستی وەرگرتبێت بەرامبەر بەکێشەی فەڵەستین. گەر بێتو رێگەچارەیەك هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین، بڕواناکەم ئێران هاوکار بێت لەجێبەجێکردنی ئەو رێگاچارەیە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی فەڵەستینی.

لەلایەنێکی ترەوە، مەسەلەی لوبنان هەیەو دەستێوەردانەکانی ئێران لەکاروباری لوبناندا. ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە لوبنان بتوانێت

سەرۆکی داهاتووی وڵات هەڵبژێرێت، چونکە عەلی لاریجانی راوێژکاری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران سەردانی سووریای کردو وا دیارە جۆرە رێککەوتنێك هەیە لەنێوان سووریاو ئێران لەسەر پشتگیریکردنی "میشێل سولەیمان" بۆ هەڵبژاردنی وەك سەرۆکی لوبنان. بۆیە ئەگەر بێتو لوبنانییەکان سەرکەوتووبن و بتوانن بگەنە جۆرە رێککەوتنێك، ئەوا دەتوانن سەرۆکی لوبنان هەڵبژێرن. ئەمەش هەنگاوێکی ترە بەرەو جۆرە لێتێگەیشتنێك لەنێوان ئێران و واشنتۆن. چونکە لێرەدا چەند مەسەلەیەك هەیە، وەك کێشەی عێراق و کێشەی فەلەستین و کێشەی لوبنان، سەرەڕای کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، کە تاکو ئەمڕۆ بۆتە ئاستەنگێك لەبەردەم دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لەبەرئەوە بەبۆچوونی من، ئەگەر بێتو کێشەکانی لوبنان و فەلەستین و عێراق چارەسەربکرێن، ئەوا هیچ ئاستەنگێك نامێنێت لەبەردەم دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا.

*** ئاماژەت بە راپۆرتی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا (CIA) کرد کە لە ماوەی چەند مانگی پێشوودا دەرچوو بوو. لەڕۆژانی رابردوو بەڕێز "محمد بەرادعی" سەردانی ئێرانی کرد. لەم سۆنگەیەوە راپۆرتەکەی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا ئاماژە بەوە دەکات کە ئێران پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی راگرتووە، کەواتە مەبەست لەم سەردانەی بەرادعی چییە؟**

- پێش هەموو شتێك گرفتەکە تەنها لەبەرنامە ئەتۆمی و سەربازییەکانی ئێران نییە، بەڵکو گرفتەکان بریتین لەهەمووی گرنگتر مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیۆمە. ئەمەریکاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوا لەئێران دەکەن چالاکییەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم رابگرێت. هەروەها "بەرادعی"ش هەمان بۆچوونی هەیە و جەخت لەسەر هەڵوێستەکەی دەکاتەوە، بۆیە بەدوای چارەسەرێکی گونجاو دەگەڕێت کە بۆ هەردوو لایەن باش بێت. لە لایەکی ترەوە، بەڕێز "بەرادعی" بەدوای رێگەچارەیەك دەگەڕێت بۆ دەربازبوونی ئێران لەو قەیرانەی کە ئێستا تێیکەوتووە. بۆیە سەردانەکەی بۆ ئێران دوو هۆکار لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: چەند پرسێك هەیە کە تاکو ئەمڕۆ ئێران وەڵامی نەداوەتەوە، وەکو کێشەی ئاوی قورس، لەگەڵ مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیۆم، لەبەرئەوەی ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە واژۆی لەسەر رێککەوتننامەیەك کردووە لەسەر نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی، بۆیە پێویستە دەرگای هەموو دامەزراوە ئەتۆمییەکانی بکاتەوە، چونکە کاتێك پشکێنەرەکان سەردانی ئێرانیان کردبوو رێگایان پێنەدرابوو بچنە ناو چەند کورەیەکی ئەتۆمییەوە. بەرادعی کە تاکو ئەمڕۆ بە نیازێکی باشەوە تەماشای ئێرانی دەکرد، لەمیانی سەردانەکەیدا چاوی بە ئایەتوڵڵا خامەنەئی دەکەوێت. من لەو بڕوایەدام کە ئەم چاوپێکەوتنە چاوپێکەوتنێکی زۆر گرنگ دەبێت، بۆیە، دڵنیام کە بەڕێز بەرادعی لەم چاوپێکەوتنەیدا دەتوانێت وەڵامێك بۆ پرسیارەکانی بدۆزێتەوە. لەبەرئەوەی ئەویش لەلایەن خۆیەوە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی وەڵامەکانی بۆ ٥ وڵاتە زلهێزەکان. دواتر لەوانەیە جۆرە دابەزینێك ببینین لە ئاستی سزا سەپێنراوەکانی سەر ئێران. بە واتایەکی دیکە، گەر بێتو ئایەتوڵڵا خامەنەئی رەزامەندی لەسەر داواکارییەکانی بەرادعی دەبڕێت ئەوا لەو بڕوایەدام کە بەرادعی هەوڵدەدات بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی تاران لەدەرکردنی بڕیارێك لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەدژی ئێران.

*** رووسیا لایەنێکی دیکەیە لەبارگرژی نێوان ئێران و ئەمەریکا. چونکە رووسیا ناڕازییە لەسەر سەپادنی سزا لەسەر ئێران، پێشتر سەرۆك پوتین سەردانی بەڕێز خامەنەئی کردبوو و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامدابوو. ئایا تۆ رات چییە بەرامبەر بە رۆڵی رووسیا لەهاوکێشەی سیاسیی نێوان ئێران و ئەمەریکا؟**

- پێش هەموو شتێك دەبێ بزانین هەر رووسیا بوو واژۆی لەسەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لەدژی ئێران کرد. رووسیا یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە واژۆی لیستی سزاکانیان کردبوو لەسەر ئێران. لەوانەیە رووسیا ناڕازی بێت لەسەر دەرچوونی بڕیارێکی نوێ، بەڵام رووسیا بەرژەوەندییە نەتەوەیی و باڵاکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکاو وڵاتە ئەورووپییەکان ناکاتە قوربانی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئێران. راستە ئێران وڵاتێکی گەورەو بەهێزە، بەڵام لەولاوە ئەمەریکاو یەکێتیی ئەورووپا هەیەو رووسیا پێویستیی بەهەردووکیان هەیە. بۆیە بەڕای من هۆشداری و هەڕەشەکانی رووسیا تەنها مەبەستێکە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر.

رووسیا هەمیشە ئێران وەکو کارتێك بەکاردێنێت بۆئەوەی بتوانێت دەسکەوت و ئیمتیازاتی زیاتر بەدەست بێنێت لەنێو هاوبەشە ئەورووپییەکانی. هەرچەندە رووسیا پەیمانی بەئێران داوە کە پاڵپشتیی لێبکات و لەگەڵی رابوەستێت، بەڵام لەکۆتاییدا ئەگەر بێتو رووسیا هەست بەوە بکات کە راوەستانی لەبەرەی ئێران کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت و بێ بەشی دەکات لە یارمەتیی و کۆمەکی وڵاتە ئەورووپییەکان و هەماهەنگییە ستراتیژییەکەی لەگەڵ ئەمەریکا، ئەوا بێ گومان مۆسکۆ لەجیاتی تاران، واشنتۆن و وڵاتە ئەورووپییەکان هەڵدەبژێرێت.

*** پێتوایە ئێران دەتوانێ پشت بەمافی ڤیتۆی رووسیا ببەستێت لەنێو ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی مەترسی سەپاندنی سزاکان؟**

- زۆر جار، کاتێك لەسەر هەر وڵاتێك بڕیارێك دەربچێت، ئەوا بۆ کۆدەنگی بڕیاری لەسەر دەدرێت، بۆیە ئەمەریکاو وڵاتە ئەورووپییەکان بەبێ کۆدەنگی و بەبێ رەزامەندیی رووسیاو چین ناتوانن هیچ بڕیارێکی نوێ دەربکەن لەدژی ئێران. لەبەرئەوە، گفتوگۆیەکی بەردەوام هەیە لەنێوان ئەمەریکاو بەریتانیاو فەڕەنساو ئەڵمانیاو رووسیاو چین لەپێناوی گەیشتن بەداڕشتنێکی باش کە گونجاو بێت بۆ هەموو لایەنێك. بۆیە فشارەکانی رووسیاو چین دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ نزمکردنەوەی ئاستی توندیی بڕیارەکە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە رووسیا مافی ڤیتۆ بەکارناهێنێت، چونکە ئەمەریکا بەبێ پاڵپشتیی رووسیا هەڵناستێت بە پێشکەشکردنی لیستی سزاکان.

*** ئەمەریکا هەوڵێکی زۆر دەدات لەڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی تورکیا. بەتایبەتی لەدوای کردنەوەی ئاسمانی عێراق لەبەردەم هێزی ئاسمانیی تورکیاو بۆردومانکردنی کوردستانی عێراق بەتێڕوانینی ئێوە رێککەوتنی نێوان واشنتۆن و ئەنقەرە هەنگاوێك نییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئێران؟ یان ئەمە تەنها مامەڵەیەکی بازرگانییە لەنێوانی هەردووودا بەڕێوەدەچێ؟**

- تورکیا پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ئێران، بەتایبەتی پارتی داد و گەشەپێدان. ئێستا ئێران رێککەوتنێکی زۆر گرنگی لەگەڵ تورکیا ئەنجامداوە. بۆ نموونە "رێککەوتنی راکێشانی گازی سروشتی"، تورکیاش پێویستیی بەم جۆرە رێککەوتنانە هەیە. کەواتە هەماهەنگییەکی ستراتیژی هەیە لەنێوان هەردوو وڵات.

نموونەیەکی دیکە، کاتێك فڕۆکە تورکییەکان هەستان بە

●●●

**سەردانەکەی سەرۆک بوش بریتییە لەدامەزراندنی جۆرە هاوپەیمانێتییەکی هەرێمی لەدژی پێشبینییەکانی ئێران لە ناوچەکە**

●●●

●●●

**رووسیا بەرژەوەندییە نەتەوەیی و باڵاکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکاو وڵاتە ئەوروپییەکان ناکاتە قوربانی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئێران. هۆشداری و هەڕەشەکانی رووسیا تەنها مەبەستێکە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر**

●●●

**فشارەکانی رووسیاو چین دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ نزمکردنەوەی ئاستی توندیی بڕیارەکە، رووسیا مافی ڤیتۆ بەکارناهێنێت، چونکە ئەمەریکا بەبێ پاڵپشتیی رووسیا هەڵناستێت بە پێشکەشکردنی لیستی سزاکان**

**ترسی عەرەبستانی سعودیە لە "مانگی شیعە" تەنها خەیاڵەو دوورە لە واقع. ئەمڕۆ دەبینین عێراق سەرۆک وەزیرانێکی شیعەی هەیە، بەڵام سەرۆک کۆمار کوردێکی سوننەیە. هەروەها سەرۆکی ئەرکان و وەزیری دەرەوەی عێراقیش کوردێکی سوننەیە، سەرەڕای ئەوەی کە وەزیری ناوەخۆش سوننەیە، دەبینین برا سوننەکان پۆستی باڵایان وەرگرتووە لەعێراق. بۆیە مەحاڵە مانگی شیعە لەم جۆرە حکوومەتانە دروست بێت**

بۆردۆمانکردنی باکووری عێراق و لێدانی ئەو ناوچانەی کە چەکدارەکانی PKKی لێیە، هەماهەنگییەکی تەواو و فراوان هەبوو لەگەڵ ئێران. هەر وەکو بیستمان لەو کاتەی کە هێرشیان دەکردە سەر حەشارگەکانی پەکەکە، سەربازە تورکەکان چەند شوێنێك لە خاکی ئێرانیان بەکارهێنابوو بۆ گواستنەوەی چەك و ئامێر و سەربازەکانیان بۆ ناو خاکی عێراق. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەوڵێکی ستراتیژی لەنێوان هەردوو وڵات لەئارادایە و هەردووکیان پەکەکە بەدوژمنی هاوبەشی خۆیان دەزانن. راستە لە رابردوودا ناکۆکی هەبووە لەنێوانیاندا، بەڵام ئەمڕۆ پەیوەندیی هەردوو وڵات لە باشترین ئاستدایە و بڕواناکەم ئەمەریکا داوا لەتورکیا بکات بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێك لەدژی ئێران و موراعاتی بەرژەوەندییەکانی نەکات.

*** ئایا لەو بڕوایەدای کە چەند گۆڕانکارییەك لە ناوەوەی ئێرانەوە رووبدات؟ ئەویش لەدوای فشارەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی لەدوای لێدوانەکانی "خامەنەئی" کاتێك رایگەیاند پاڵپشتیی لەسیاسەتەکانی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد ناکات؟**

- بەڵێ، ئێمە دەزانین کە فشارەکانی ئەمەریکا هۆکارێك بوو بۆ راوەستانی سەرۆك ئەحمەدی نەجاد لەپەیڕەوکردنی سیاسەتگەلێك کە هۆکار بوون بۆ سەرهەڵدانی نارەزاییەکی توندو بەهێز لەدژی تاران، نەك تەنها لە دەرەوە، تەنانەت لەنێو ئەرکانی دەسەڵات و سیستەمەکەی نارەزاییەکی بەهێز دروست ببوو. بۆ نموونە: سیاسەتی ئەحمەدی نەژاد لەڕووی ئابوورییەوە هەروەها سیاسەت و لێدوانە توندەکانی لەدژی ئیسرائیل و هەندێ وڵاتان. بۆیە ئەمڕۆ جۆرە گۆڕانکارییەك دەبینین لەهەڵوێستەکانی ئێران بەتایبەتی دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان نزیك بووەتەوە، کە رووداوێکی سیاسیی زۆر گرنگە بۆ هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان. ئەگەر بێتو رێگا بدرێت بەتەییار و لایەنەکانی دیکە بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان، هەروەها گەر بێتو ئەنجوومەنی پاراستنی دەستووریش رێگا بدات بەپاڵێوراوانی ئەو لایەنانە ئەوا لەو بڕوایەدام کە پێشکەوتنێکی گرنگ و بەرچاو دەبینین لەئێراندا. لەبەرئەوە دڵنیام کە ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ گۆڕانکارییەکی گەورە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرکردایەتیی ئێران.

*** هەندێ لە چاودێرانی سیاسیی دەڵێن هەڕەشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر تاران هێندە پێوەندی بەبەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێرانەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەدنیای ئیسلامی سیاسیی و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی شیعەکان لە ناوچەکەوە هەیە، بەتایبەتی کە عەرەبستانی سعودیە ترسێکی زۆری لا دروست بووە لەپرۆژەی "مانگی شیعەکان"؟**

- ترسی عەرەبستانی سعودیە لە "مانگی شیعە" تەنها خەیاڵەو دوورە لە واقع. ئەمڕۆ دەبینین عێراق سەرۆك وەزیرانێکی شیعەی هەیە، بەڵام سەرۆك کۆمار کوردێکی سوننەیە. هەروەها سەرۆکی ئەرکان و وەزیری دەرەوەی عێراقیش کوردێکی سوننەیە، سەرەڕای ئەوەی کە وەزیری ناوەخۆش سوننەیە، دەبینین برا سوننەکان پۆستی باڵایان وەرگرتووە لەعێراق. بۆیە مەحاڵە مانگی شیعە لەم جۆرە حکوومەتانە دروست بێت. سەبارەت بە لوبنانیش، وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو زۆر زەحمەتە مانگی شیعەی تێدا دروست بێت. بۆیە تاکو سوریاو ئەردەن هەبن مەحاڵە مانگی شیعە لەنێوان عێراق و ئێران و لوبنان درووست ببێت.

سەبارەت بەعەرەبستانی سعودیە، وابزانم سعودیە چەند ئیجرائاتێکی زۆر گرنگی وەرگرتووە بۆ چاککردنی باری شیعەکان لەناوچەی



رۆژهەڵات. هەروەها پەیوەندییەکی باش و بەهێز هەیە لەنێوانی دەسەڵاتەکان و سەرکردە شیعەکان وەکو شێخ حەسەن الصفوان و سەرکردەکانی دیکە کە بۆ وڵاتەکە گەڕاونەتەوە لەپێناوی بەشداریکردن لە پێشخستنی وڵات و تاکو ئێستا هیچ گرفتێکیان نەبووە لەگەڵ حکوومەت. هەمان شت لەکەنداوی فارسی روودەدات. لەکوێت و بەحرین، چونکە شای بەحرێن هەستا بە ئەنجامدانی چەند ئیجرائاتێکی گرنگ. بەڵام هەردەم ترس و دڵەڕاوکێ درووست دەبێت لەبوونی حکوومەتێکی ئایدیۆلۆژیی ئایینی لەناوچەکە. بێگومان ئەو وڵاتانەی کە سیستمی عەلمانیان هەیە، وەکو ئەمەریکاو وڵاتە ئەورووپییەکان بەتوندی لەدژی سیستمە ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکان رادەوەستن. سەرەڕای داواکارییەکانیان بۆ جیاکردنەوەی ئایین لەسیاسەت. بۆیە ئەگەر بارەکە بگۆڕێت و ناوچەکە هێمن و ئارام ببێتەوە، ئەوا کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێت بەبێ یارمەتیی ئەمەریکاو وڵاتانی دیکە گۆڕانکاری لەئێران دروستبکات. چونکە کۆمەڵگای مەدەنی لەئێران کۆمەڵگایەکی بەهێزە. هەروەکو پێشتریش بینیمان لەسەردەمی سەرۆك خاتەمی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ جیهانی سەلماند کە خاوەن هەڵوێستەو دەتوانێت گۆڕانکاری ئەنجام بدات لە ئێران.

*** سیاسەتی ئیحتیواکردن کە ئەمەریکا لەدژی ئێران پەیڕەوی دەکات. هەر وەکو هەردوو بەڕێزان: (ڕەی تەکیان و وەلی ناسر) لەدوایین ژمارەی "فۆرین ئەفێرس" ئاماژەیان پێکردووە، لەژێر ناونیشانی: "باجەکانی ئیحتیواکردن". لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سیاسەتی ئیحتیواکردن شکستی خواردووە. هەروەها هاوپەیمانێتیی ٦+٢ە، بەواتای میسرو ئەردەن لەگەڵ ٦ وڵاتەکانی**



**کەنداوی عەرەبی هاوپەیمانێتییەکەیان لەدژی ئێران فاشیلە. ئێستاش ئەوان دەخوازن لەجیاتیی رووبەڕووبوونەوە، دانوستان بکرێت. چۆن ئەم هاوکێشەیە تەفسیر دەکەیت؟**

- بێگومان سیاسەتی دانوستان زۆر باشترە لەسیاسەتی ئیحتیواکردن، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە گفتوگۆ هەبێت، هەروەکو چۆن دەبیستین کاتێك مۆسیقای تانگۆ هەبێت، پێویستە دوو کەس سەما بکەن لەسەر ئاوازەکانی. گفتوگۆ و دانوستاندن هەمان شتە. ئەمەریکا هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە لەسەر کردنەوەی دەرگاکانی دانوستاندن لەگەڵ ئێران. بەڵام گرفتەکە لەلایەنی ئێرانەوەیە، چونکە ئێران لەکردنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکی لەوڵاتەکەی ترسێکی زۆری هەیە. ئایەتوالله خامەنئی دەڵێت: "لەهەر وڵاتێك باڵیۆزخانەی ئەمەریکی هەبێت کودەتای لێ روودەدات. بۆ نموونە: پورتوگال و وڵاتانی تر، کە کودەتایان لێ رووداوە" لەبەرئەوە حکوومەتی ئێرانی لەم بارەیەوە زۆر نیگەرانە. بۆیە پێش هەموو شتێك، پێویستە حکوومەتی ئێرانی دڵنیابکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکی لە بەرژەوەندیی ئێراندایە. ئەمڕۆش زۆر کەسایەتی لەئێران هەنە کە لەدەسەڵات دوورخراونەتەوە، وەکو بزووتنەوەی ئازادیی و تەیاری نیشتیمانی ئایینی. ئەمانە بزووتنەوەو تەییارگەلێکی دڵسۆزن، بۆیە پێویستە دەرفەت بڕەخسێت لەبەردەم ئەو هێز و گروپانە بۆ ئەنجامدانی دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ ئەمەریکا. لەتەواوی جیهاندا، هیچ گەلێك نییە وەکو گەلی ئێران و ئەمەریکا. گەلی ئێران رق و کینەیان نییە بۆ ئەمەریکا. هەروەها بە پێچەوانەشەوە. دوای رووداوی کارەساتەکەی ١١ی سێبتەمبەر هەزاران هاووڵاتیی ئێرانی دەرچوونە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی هاوخەمی و دڵگرانی بۆ گەلی ئەمەریکا. کەناڵ و فیلمە ئەمەریکییەکان باوترین و بەربڵاوترین بینەریان هەیە. بۆیە ئیدارەی ئێرانی شکستی هێنا لەدروستکردنی رقوکینە لەنێو هاوڵاتییە ئێرانییەکان بەرامبەر بەئەمەریکا. لەوانەیە لەم رووەوە رووسیا بۆ ماوەیەك سەرکەوتوو بێت. بەڵام ئێران نەیتوانی ئەو هەستە دروست بکات.

ئێران گەورەترین وڵاتە لە ناوچەکە. "تۆماس فریدمان" رۆژنامەنووسە ئەمەریکییە بەناوبانگەکە سەردانی ئێرانی کردبوو، گوتی: لە ئێران تەنها گوێم لەیەك رەخنە بوو لەسەر سیاسەتەکانی ئەمەریکا، ئەویش لەلایەنی گەشتیارێکی بەلجیکییەوە بوو کە لە یەکێك لە چایخانەکانی ئەسفەهان دانیشتبوو. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمڕۆ ئێران لەدژی ئەمەریکا نییەو هاوڵاتییە ئێرانییەکان زۆر پەرۆشن بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکا. بۆیە من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر بێتو ئەمەریکا نیازێکی تەواوی هەبێت بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران ئەوە گۆڕانکاریی بەرچاو دەبینین و شەقامی ئێرانی خۆی بەسەر حکوومەت و سەرکردایەتیی ئێرانی زاڵ دەکات بۆ کردنەوەی دەرگاکانی گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ ئەمەریکا. ئێمە تاکو ئێستا زۆر زەرەرمەند بووینە بەهۆی هەڵەکانمان و لەدوای داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەتاران. بۆیە پێویستە لەگەڵ ئەمەریکا دانیشین و گفتوگۆ و قسە بکەین بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی ئاشتییانە لەپێناوی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.

*** ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایین و ئایینزای جیاوازە، کە لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەیە لەگەڵ عێراق. بە رای تۆ ئەو ئەگەر لەداهاتوو گۆڕانکاری سیاسیی لەئێران روویدات ئایا ئەو گۆڕانکارییانە چ کاریگەرییەکیان دەبێت بەسەر نەتەوەو ئایینەکانی ئێران، بەتایبەتی لەنێویاندا نەتەوەی کورد؟**

- سەرەتا پێویستە ئیعتیراف بەمافی کەمینەکان لە ئێران بکەین. ئەمڕۆ لە ئێران زۆربەی کەمینە سوننەکان بێ بەش بوونە لەهەموو مافەکانیان، تاکو ئێستا وەزیرێکی سوننەمان نییە لەحکوومەت. هەروەها تەنانەت بریکاری وەزیریش نییە. بەڕێوەبەرێکی بچووکمان نییە کە پۆستێکی هەبێت لەحکوومەت. لەئێران جیاوازییەکی گەورە هەیە لەڕووی تایفەگەریی و ئایینیشەوە. پێویستە ئەم هزرە دواکەوتووە فڕێ بدەین، بۆیە ئەگەر بێتو حکوومەتی ئێران بەردەوام بێت لەپەراوێزخستنی مافی کەمینەکان ئەوا بارێکی ئاڵۆز دروست دەبێت لەناوچەکە. من زۆر نیگەرانم و زۆریش دەترسم لەو رۆژەی کە کوردێکی ئێرانی هەست بەناسنامەی خۆی نەکات وەکو هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتە. چونکە حکوومەت بێ بەشی دەکات لە هەموو خۆشگوزارییەکانی وڵاتەکە. هەروەها پێویستە عەرەبەکانی ئێران هەست بەمافەکانی خۆیان بکەن و هاوبەش بن لەخێرو داهاتەکانی ئێران بەشێوەیەکی یەکسان، وەکو فارس و نەتەوەکانی تر کە ئیمتیازات و دەسکەوتیان هەیە.

هەر بۆیە پێویستە لەسەر حکوومەتی ئێران رێز لەگەلەکەی بگرێت و بەچاوێکی یەکسان تەماشای هەموو هاووڵاتییەکانی بکات و ببێتە حکوومەتێکی بەخشندە بۆ هەموو پێکهاتەکانی وڵات. بە چاوپۆشین لە رەگەزو تایفەو ئایین. لەسەردەمی سەرۆك خاتەمی توانیمان فشار بخەینە سەر حکوومەت و جۆرە گۆڕانکارییەکی تێدا دروووست بکەین، کە توانیمان حاکمێك لەناوچە کوردنشینەکان دابنێین. بەڵام بەداخەوە، سەردەمەکانی محەمەد خاتەمی لەگەڵ با رۆیشت و سەرسام بووین بەهاتنی ئەحمەدی نەژاد.

**سیاسەتی دانوستان زۆر باشترە لەسیاسەتی ئیحتیواکردن، بەڵام هەروەکو چۆن دەبیستین کاتێک مۆسیقای تانگۆ هەبێت، پێویستە دوو کەس سەما بکەن لەسەر ئاوازەکانی. گفتوگۆ و دانوستاندن هەمان شتە**

**خامەنئی دەڵێت: "لەهەر وڵاتێک باڵیۆزخانەی ئەمەریکی هەبێت کودەتای لێ روودەدات. بۆ نموونە: پورتوگال و وڵاتانی تر، کە کودەتایان لێ رووداوە" لەبەرئەوە حکوومەتی ئێرانی لەم بارەیەوە زۆر نیگەرانە**

**تاکو ئێستا وەزیرێکی سوننەمان نییە لەحکوومەت. تەنانەت بریکاری وەزیریش نییە. بەڕێوەبەرێکی بچووکمان نییە کە پۆستێکی هەبێت لەحکوومەت**

# سەردانێک و چەند سەرنج



**عەبدوڵڵا حیجاب**
**- زانکۆی ئۆسلۆ -**

یەکەم جار نیە کە کۆماری تورکیە هەموو هەوڵی دیپلۆماتیکی بۆ پێشگرتن لە دەستەبەربوونی مافێکی سیاسی بۆ نەتەوەی کورد بە کار دێنێ، بەڵام سەردانی حەوتووی ڕابردووی عەبدوللا گول، سەرۆک کۆماری ئەو وەڵاتە بۆ واشینگتن، سنووری هەموو هەوڵەکانی ڕابردووی تورکیای لەم بوارەوە تێپەڕاند. بە ڕاشکاوی هەمووی خاڵەکانی خشتەی چاوپێکەوتنەکانی ئەو جارەی گول لە ئامریکا بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کرابوون و تەنیا ئامانجی ئەو سەردانە ئەوە بوو کە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی ئامریکا لە گەڵ پلانی ستراتیژیکی تورکیا لە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد یەک بخرێتەوە. لەم بوارەوە گول چەندە سەرکەوتنی وەدەست هێنا و تا کوێ توانی بە کردەوە سەنجی ئامریکا ڕابکێشێ، باسێکی جیاوازە.

پارتی داد و گەشەکردن AKP لە سەرەتای شەری دژ بە سەددامی ئامریکا دا بە کردەوە کەوتە بەرەی تەگەرەخستنە سەر ڕێگای ئامریکاوە. گول بە سەردانی ئەمجارەی، ویستی وێڕای قەرەبووکردنەوەی ئەو توندڕەویانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە نیسبەت سیاسەتی ئامریکاوە کردوویەتی، خۆی و پارتیەکەشی وەک لایەنی جێگەی متمانە و پێشەڕۆژساز هەم لە تورکیا و هەم لە باقی وەڵاتانی موسوڵمانی هەرێم دا نیشان بدا. هەر چەندە ئەو هەوڵە یەکەم کارتی تورکیا بۆ گەرمترکردنی بازاڕی گرانفرۆش کردنی شوێنگەی خۆی لە سیاسەتی جیهانی دا نەبوو، بەڵام گیانێکی نوێی بەو هەوڵە بەخشی. لە نێو خودی تورکیاش دا AKP، ئەو سەردانەی بۆ نێوانخۆش کردن لە گەڵ ئارتێش بە کار هێنا و بە متمانە دان بە ژەنەراڵەکان کە لە ڕەوتی گۆڕانکاریی لە وەڵاتدا دەوری ئەوان کەم ڕەنگ ناکرێتەوە، هەوڵی دا زیاتر کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی بە هێز بکا.

بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ژێر پەردەی هەر دوو مەبەست دا تەنیا یەک ئامانجیان بوو و هەوڵی پێکانیان دا، ئەویش وەستاندنی ڕەوتی دەستەبەربوونی مافە سیاسیەکانی کورد و ڕێگە گرتن لە دروستبوونی قەڵخانێکی پشتیوانی نێونەتەوەیی لە ستاتووی سیاسی کورد بوو. جێی سەرنجە کە لە تاوتوێی گفتوگۆ لە سەر بابەتە پێوەندی دارەکان بە هەر دوو لادا، لایەنی تورک تەنیا و تەنیا مەسەلەی کورد و چۆنیەتی تێکشکاندنی بزووتنەوەی کوردی زەق دەکردەوە و تەنانەت بە هەڵکەوتیش ڕێکاری چارەسەری یا چۆنیەتی سەقامگیرکردنی ئارامی لە هەرێم دا نەهێنایە بەر باس. گول لە پێوەندی لە گەڵ بەرژەوەندییە ستراتێژیکەکانی تورکیا لە هەرێمیش دا، جیاوازیەکی نەخستە نێوان گۆڕانکارییە سیاسیەکانی عێراق و باشووری کوردستان و چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری کوردستان و تورکیا. بۆیەش هەر لە سەرەتای هەڵفرینی فرۆکەکەی بەرەو وەڵاتە یەکگرتووەکان ئاماژەی بەوە کرد کە زاڵبوونی دەسەڵاتی کوردی بە سەر چارەنووسی کەرکووک دا بۆ تورکیا هێڵی سوورە.

ئەو لێدوانەی گول گومانێکی لەوە دا نەهێشت کە مەبەستی سەردانەکەی بۆ واشینگتن تەنیا ڕاکێشانی پشتیوانی ئامریکا بۆ شەرێکی ڕەنگەیی لە گەڵ، یا بێدەنگ کردن و ڕێگە گرتن لە چالاکیی سەربازیی PKK نیە، بەڵکوو دەیەوێ بەم شێوەیە هەموو قەدەری کورد ڕەش بکا. ئەگەر وا نەبێ، بۆ دەبێ مەسەلەی کەرکووک، سەروەریی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان، دەسەڵات بە سەر داهات و کانزا و سەرچاوەکانی نەوتی کوردستان و تەنانەت سیستەمی سیاسی عێراقیش کە لە لایەن زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتەوە لە چوارچێوەی فیدراڵی دا دیاری کراوە ببێتە بابەتی سەرەکی دیدار و گفتوگۆکانی عەبدوللا گول؟

تورکیە نایشارێتەوە کە هەر کەس یا لایەنێک بە باشی و بۆ پشتیوانی کردن باسی مەسەلەی کورد بکا وەک دوژمن لە گەڵی دەجووڵێتەوە. بۆیەش چەندە لە بەرامبەر بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان دژکردەوە نیشان دەدا، ئەوەندەش بە نیسبەت سەقامگیری لە باشوور و زەقبوونەوەی مەسەلەی کورد لەو بەشەی کوردستان دا هەستیارە. لە بەر ئەوە کاتێک گلۆڵەی چارەنووسی سەددام لە سەرەتای ٩٠کانەوە کەوتە لێژی، داڕێژەرانی ستراتێژی سیاسی تورکیا، دوو هێڵی نوێیان لە شەڕەکەیان لە دژی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کورد زیاد کرد. ئەو دوو هێڵە پێک هاتبوون لە بە هێز کردنی هەستی دژ بە کورد لە نێو ئەو کۆمەڵە لە هاووڵاتیانی کوردستاندا کە بە ڕەگەز کورد نین، و وەک دوایین ڕێگاش بۆ بە چۆک داهێنانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، بە شەر دانی کورد لە گەڵ یەکتر. دەساڵەی ٩٠ لەو دوو مەیدانە دا بۆ نەتەوەی کورد پڕ بوو لە گرفت و کێشە.

بەشێکی ئەنجامەکانی ئەو پلانە ئێستا تەنانەت بە هێزتریش بووە و لە زۆر شوێنی کوردستان دا یا بە شێوەی نەپەنی و شاردراوە و یا تەنانەت بە ڕاشکاویش نەتەوەی کورد و مافەکانی کراون بە ئامانجی سەرەکی گرووپەکانی هاوپەیمانی تورکیا. لە هەموو ئەو شوێنانەی کە تورک و کورد بە سەدان ساڵ پێکەوە وەک هاوچارەنووس ژیاون و لە هەموو ساڵەکانی بە هێزبوونی بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستاندا تورکزمانەکان لە کوردەکان پتر لە لایەن شۆڕشگێرانی کوردەوە دەپارێزران، دنەدانی دەمارگرژی لە بەرامبەر کورد لە لایەن تورکیاوە زەمینەی بۆ گرفتی مەترسیدار خۆش کردوە. کوردی خاوەن وەلاتی بە هەزاران ساڵ نیشتەجێی زێدی خۆی لە لایەن هاووڵاتیانی دواتر هاتووەوە بە کۆچبەر و داگیرکەر دەناسێندرێ و داوای دەرکردن و تەنانەت قڕکردنیشی دەکرێ. و ئەگەر ڕێگاچارەیەکی بەربەعاقڵانە بۆ ئەو دەمارگرژیە نەدۆزرێتەوە، دوور نیە لە داهاتوو دا ڕووداوی وەک هی هەرێمی باڵکان لە ساڵانی ٩٠ دا لە وڵاتی ئێمەش ڕوو بدا.

بێجگە لەو ئالۆزییە، مەترسیەکی هەنوکەیی لە سەر چارەنووسی کورد بە گشتی ئەوەیە کە ئەمرۆ ئامریکا وەک تاکە هێزی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش لە گەڵ بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان، بە هۆی بشێوی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا، بەشێکی پلانی تورکیا قبووڵ بکا. بۆ وێنە پشتیوانی لەو هەوڵەی تورکیا بکا کە دەیەوێ لە کاتی جێگیربوونی یەکجاریی سیستەمی فیدراڵ لە عێراق دا، جێگە یا ستاتوویەکی ئۆتۆنۆمی بە جیا لە دەسەڵاتی کوردی بدرێ بە کەرکووک. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە کورد پێوەندی ڕاستەوخۆی هەمووی ئەو بڕگانەی پلانی تورکیا پێکەوە نەخوێنێتەوە و پێی وابێ کە بۆردومان کردنی قەندیل تەنیا پێوەندی بە PKK و کوردەکانی باکوورەوە هەیە، ئاژاوەگێری لە کەرکووک مەسەلەی خەڵکی ئەو شارەیە و بە نەدیوگرتنی ئیرادەی سیاسی کوردیش بە پێی داب و نەریتی نێونەتەوەیی پێوەندی نێوان و وڵاتانەوە بەرێوە دەچێ. وەها کەمتەرخەمیەک دەبێتە هەڵەی سەر هەڵەکان کە لە زۆربارەوە ئەوەندە گران تەواو دەبێ کە دواتر ڕێگای پژیوانبوونیش لە بەرمان نەهێڵێتەوە.

لە بەرامبەر ئەو هەموو گەف و هەڕەشانە دا، لە سەر هەموو خەڵکی کوردستانە کە ڕێگا نەدا تورکیا لە بەردەوامی ئەو سیاسەتەی دا جارێکی دیکە چەرخی مێژوومان بەرەو دواوە بگێڕێتەوە و ئەو چرووسکە هیوایەی کە بۆ کورد دروست بووە بخزێنێتە نێو باهۆزێکی نوێی ئاژاوەوە. بە قازانجی تورکیایە کە لە جیاتی ئەو هەموو پلان، دوژمنکاری و ئاژاوانانە کە لە دژی بەرژەوەندی کوردی جیرانی خۆی دەگێڕێ، دەرگای دۆستایەتی لە سەر باشووری کوردستان دا بکاتەوە و ئەو دەرفەتەش بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ناوخۆدا بقۆزێتەوە.

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**